



# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیا سێل) دەریدەکات

ژمارە (٧) ٢٠١٠/٤/١٣


## سێ پسپۆڕی ئەمریکی لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی

**تابان حەسەن**

ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٣ ، بەسەرپەرشتی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عێراق، وۆرك شۆپێك بۆ ژمارەیەك لە مامۆستایانی بەشی زانیارییەکان‌و کتێبخانە لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی‌و پسپۆڕو کارمەندانی کتێبخانەکانی شاری سلێمانی لە هۆڵی (دیلان)ی کتێبخانەی گشتی سازکرا.

تیایدا چەند باسێك سەبارەت (بەئەلکترۆنی کردنی کتێبخانەکان) لەلایەن هەرسێ پسپۆڕی بواری کتێبخانەکان (کارن ئاندرسن‌و ویلیەم کوپییکی‌و مایکل نیوبێرت) پێشکەش کرا.



ڕێکخەری باڵوێزخانەی ئەمریکا ڕایگەیاند: ئەمە سەرەتایەکە بۆ پەیوەندییە



روناکبیرییەکان‌و داهاتوو بەرنامەی دیکەی چڕوپڕمان دەبێت.

## نزیکەی ٤٠هەزار خوێنەر لە کتێبخانە گشتییەکان

بەپێی زانیارییەکانی بەشی ئامار لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی، لەهەر سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (کانوونی دووەم، شوبات‌و مارت) کۆی ٣٩٨٦٨ خوێنەر لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، سەردانی بەشەکانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی‌و کتێبخانەی شارۆچکەکانی ئەم پارێزگایەیان کردووە.

لەلاپەڕە (٢)دا راپۆرتێك لەم بارەیەوە دەخوێنیتەوە

## دەستنووسەکانی کتێبخانەی ڤاتیکان دەکرێنە بەڵگەنامەی ژمارەیی



**الجريدة الكويتية**

کتێبخانەی ڤاتیکان بڕیاریداوە هەزاران دەستنووس بکاتە بەڵگەنامەی ژمارەیی نێو کۆمپیوتەرەوە، ئاژانسی هەواڵی ئیتاڵی (ئەنسا) لە ڕۆژنامەی (ئۆوزیر فاتوری ڕۆمانۆ)ی پاپایی هەواڵەکەی گواستووەتەوەو وایداوەتە قەڵەم کە ئەم پڕۆژە مەزنە، ڕۆشنبیریی دەوڵەمەند دەکات‌و هاوکات پارێزگاری لەو سەرچاوە بەنرخانەی کتێبخانەکەش دەکات.

هەروەها وتویەتی: ئێستا دەستکراوە بەجێبەجێکردنی ئەو مەبەستەو ماوەی ١٠ ساڵ دەخایێنێ.

ئەم کتێبخانەیە، کە بەیەکێك لە کتێبخانە دێرینەکانی جیهان دادەنرێت، خاوەنی ٧٥ هەزار دەستنووسی گرنگەو لە ٤٠ ملیۆن لاپەڕەدان.

لە لاپەڕە (٣)دا راپۆرتێك لەسەر ئەم کتێبخانەیە دەخوێنیتەوە.

## ژمارە پێوانەییەکان لە پێشانگای لایپزگ بۆ کتێب

**بێستون فەرهاد**

پێشانگای لایپزگ بۆ کتێب، کە ڕۆژانی ١٨ تا ٢١ی مانگی ئاداری رابردوو بە سەرکەوتوویی ڕێکخرا، چەندین ژمارەی پێوانەیی بەخۆیەوە دی.

لیستی ژمارە پێوانەییەکان بریتی بوو لە:

* نمایشکردنی قورسترین پارچە لە شورای بەرلین کە کێشەکەی ٢,٧ تەن بوو.
* بەتەمەنترین نووسەر: ئێلفرێدە برینینگ (٩٩ ساڵ) کە کتێبەکەی (لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ژیانی خۆم بوو) نمایشکرا.
* لوکسەمبۆرگ بچووکترین دەوڵەتی بەشداربوو بوو لە پێشانگاکەدا.
* بەوەفاترین بڵاوکەرەوە: جەی ساور کە لەساڵی ٢٠٠٨دا خانەنشین کرا، بەڵام هێشتا هاوکاری خانەی بڵاوکەرەوە (ڤالتەر دی گرایتەر) دەکات کە پێشتر کاری لەگەڵدا دەکرد، ڤالتەر لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لە١٩٥٨دا بۆ یەکەمین جار بەشداری لەو پێشانگایەدا کردووە.
* میوانی دوورە وڵات: چەندین میوان کە لە (چیلی)وە هاتبوون.
* بەربڵاوترین کتێب: کتێبەکانی خەیالی زانستیی ئەدیبی ئەڵمانی ڤۆڵڤانج هۆڵباین کە تا ئێستا ٣٧ ملیۆن دانەی لێ چاپکراوە.
* بچووکترین کتێب: کتێبی (بچووکترین کتێبەکانی جیهان)ی نووسەرو نیگارکێشی ئەڵمانی جۆشوا رایشرت کە لە ٣٢ لاپەڕەی قەبارە بچووك (٢,٤ ملم × ٢,٩ ملم) پێکهاتووە.

*سایتی المحيط*



پیشانگای لایپزگ

## پێشنیازێک

### کەی کتێب دەکەینە هاوڕێی منداڵ؟

٢ی نیسان، بەیادی لەدایکبوونی گەورەنووسەری ئەدەبیاتی منداڵان (ئەندرسن) کراوەتە ڕۆژی جیهانیی کتێبی منداڵان، لەوبڕوایەدام، نەپەروەردەکاران‌و نەدەزگاکانی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی لای خۆمان ئاگاداری ئەم بۆنە گرنگە نین، هەربۆیە ساڵانە بەبێدەنگیی تێدەپەڕێ!

کتێبخانەی منداڵان، کە بەکتێبخانەی نێو قوتابخانەکان دەسپێدەکات‌و پاشانیش بە کتێبخانەی گەورەی تایبەتمەندو خاوەن خەسڵەت بە خوێندنەوەی منداڵ کۆتایی دێت، لە کوردستاندا یەکجار(سەرەتاییە)و نابنە جێگای ئومێد بۆ هۆگربوونی منداڵی کورد پێیانەوە، هەرچۆن ناشبنە ئەو سەرچاوەیەی منداڵ کەسێتی خۆی‌و ئارەزووەکانی تیادا ببینێتەوەو ببێتە مایەی دروستبوونی کاراکتەر، هەموو ئەوانەی دوارۆژ کۆمەڵگا دەبەن بەڕێوە.

هەرچەندە چەند دەزگایەکی خەمخۆر لە کوردستاندا تایبەتمەندن بە لەچاپدانی بەرهەمی منداڵان‌و ڕۆڵێکی باشیان دیوە لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی ئەواندا، بەڵام تا ئەمڕۆ سیستمێکی ئەوتۆ لەئارادا نییە، بەهۆیەوە کاریگەرێت بۆ دابینکردنی ئەو چاپکراوانە بۆ هەموو منداڵی کورد.

هەق وایە، وەزارەتی پەروەردە بەژمارەی قوتابخانەکانی، لەشارو شارۆچکەو گوندەکاندا، دانە لەو چاپکراوانە بۆمنداڵان دابین بکات، بەوەش خودی دەزگاکانی منداڵی وەکو(سمۆرەو زنجیرەی منداڵان) دەبوژێنەوەو بەهیوای گەشەوە درێژە بەکارو ئەفراندنی خۆیان دەدەن.

**سەرنووسەر**


2  کتێبەکانی کتێبخانەکەم

5  کتێبخانەی منداڵان

7 

خانەی سمۆرە

10  ئینتەرنێت بۆ توێژەران

### لەسێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا
# ٣٩٨٦٨ خوێنەر سەردانی
# کتێبخانە گشتیەکانی "سلێمانی"یان کردووە

**ئا. خۆشی عەبدوڵڵا**

لە هەر سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (کانوونی دووەمو شوباتو مارتی ٢٠١٠) ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەر "ئەوانەی بەمەبەستی خوێندنەوەو سوود وەرگرتن لەسەرچاوەکان"، سەردانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو کتێبخانەی شارۆچکەکانی سەر بەم پارێزگایەیان کردووە، یاخود بەسیستمی خواستنی دەرەکی، سەرچاوەیان خواستووە، چالاکیی بەرچاویان خستووەتە نێو کتێبخانەکانەوە:

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی– ٨٥٣٠ لە توێژی نێر و ٦٦٧٣ لە توێژی مێ.

کتێبخانەی هەڵەبجە– ٢٩١٣ لە هەردوو توێژ.

کتێبخانەی پێنجوێن، ٣٠٢٢
کتێبخانەی دوکان، ٢٢٣٩
کتێبخانەی قەرەداغ، ١٠٦٥
کتێبخانەی چوارتا، ٤١٩
کتێبخانەی ماوەت، ٢٥٨
کتێبخانەی سەیدسادق، ٧٨٩
کتێبخانەی پیرەمەگروون، ٩٠١
کتێبخانەی بەرزنجە، ٩٤
کتێبخانەی تەوێڵە، ٥٩٩
کتێبخانەی شارەزوور، ٣٢٢٢
کتێبخانەی بەکرەجۆ، ٦٦٠
کتێبخانەی دەربەندیخان، ٥٣١
کتێبخانەی خورماڵ، ٨٢٧
کتێبخانەی عەربەت، ١٧٩٧
کتێبخانەی بازیان، ٢٤٥١

واتە کۆی هەمووی دەکاتە ٣٦٩٩٠ خوێنەر کە ٢٠٨٧٠یان لە نێرو ١٦١٢٠یان مێ بوون.

هەریەك لەکتێبخانەکانی (خدران‌و بیارەو سەرگەڵوو)ش، لەبەرئەوەی تازە دامەزراون، ئاماریان تۆمار نەکردووە و لەکاتی دیکەدا دەیخەینە بەرچاو.

جێی سەرنجە، لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی خواستنی کتێب بەپێی زمانەکان بەم شێوەیە بوون:

- سەرچاوە کوردییەکان ٦٥٠٨
- سەرچاوە عەرەبیەکان ١٤٥٧
- سەرچاوە ئینگلیزییەکان ٢٥٢
- سەرچاوە فارسییەکان ٣٢٤

هەروەها خاتوو گولستان سەعید محەمەد "لێپرسراوی بەشی خوێندنەوەی منداڵان" پێی ڕاگەیاندین کە لە سێ مانگی ڕابردوودا، ١٤٩٢ منداڵی کچ و ١٣٨٦ منداڵی کوڕ بەمەبەستی خوێندنەوە، سەردانی بەشەکەیان کردووە، بۆ سوود وەرگرتن لەهەردوو خواستنی ناوخۆیی‌و دەرەکی.



هۆڵی گۆران لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی

### لەبەریتانیا و فنلەندا و کوردستان
# چاپکراوە ئاوارەکان دەگەنەوە کتێبخانەکانیان

**ئا. ڕاستی**

پیاوێك بەناوی (دیفید هال)، دوای ٤٦ ساڵ لە خواستنی کتێبێك لە کتێبخانەی دیربی لە بەریتانیا، سەردانی کتێبخانەکەی کردو بەسوپاسەوە کتێبەکەی بۆ گەڕاندنەوە، ئەو کتێبە کە سەبارەت بە ئەندازیاریی بووە بەر لەو مێژووە بۆ باوکی ئەو هاوڵاتییەوە خوازراوەو ئەوکاتە (دیفید) تەمەنی ١٠ ساڵان بووە، لەگەڵ گەڕانەوەیدا لەبڕێ پارەی زۆری غەرامەی سەرپێچی خواستن بەخشراوە کە بە چوار هەزار دۆلار مەزەندە کراوە، ئەویش دوای ئەوەی ئەنجوومەنی شارەکە بڕیاری لێبووردنی بۆ ئەوانە دەرکردوە کە کتێبی خوازراو دەگێڕنەوە بۆ کتێبخانەکە ئەو پیاوە، کتێبەکەی لەوکاتەدا دۆزیوەتەوە کە ماڵەکەی باوکی دوای ٢٠ ساڵ لەمردنی خاوێن کردوەتەوە.



کتێبخانەیەك لە فنلەندا

هەروەها بەپێی هەواڵێکی ڕادیۆی BBC کتێبخانەی ناوبراو ساڵانە نزیکەی ٦٥ هەزار دۆلاری لەسزای سەرپێچیکاراندا دەست دەکەوێت‌و ئەو پارەیەش لە خزمەتگوزاریی کتێبخانەکەدا خەرج دەکرێت.

* فنلندییەکیش دوای زیاتر لەیەك سەدە گۆڤارێك بۆ کتێبخانەکەی شاری (فانتا)ی باشووری وڵاتەکە گەڕاندۆتەوە، ئەمینداری کتێبخانەکە ڕایگەیاندووە کە ئەو گۆڤارە ساڵی ١٩٠٢ چاپکراوەو خولاوەیەکی ئایینی بەناوبانگی ئەو دەمە بووە.

ئەمینداری کتێبخانەکە (میناساستامووینین) بەپێی بەڵگەنامەیەکی سەر کتێبەکە دەرکەوتووە کە لەسەرەتای سەدەی ڕابردوودا ئەو کتێبە خوازراوەو لەسەر ئەو بەڵگەنامەیە نووسراوە "هەر کەسێ چاپکراو دوابخات، بۆ هەر هەفتەیەك بری ١٠ بنساتی لێ وەردەگیرێت".

شایانی باسە، ئەو چاپکراوە گەڕێنراوەتەوە بۆ لقی (کۆرسۆ)ی کتێبخانەی فانتا.



کتێبخانەیەك لە بەریتانیا

* مانگێ لەمەوبەریش، هاووڵاتییەکی خەڵکی سلێمانی کە ساڵانێکە نیشتەجێی وڵاتی کەنەدایە، کتێبێکی بەنرخی گەیاندەوە بە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، دوای ئەوەی لەو وڵاتە چنگی کەوتووە.

کتێبەکە بریتییە لە چوارینەکانی (عومەر خەیام) کە لەلایەن شێخ سەلامی شاعیرەوە کراوە بە کوردی‌و ساڵی ١٩٥١ لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدایی لەچاپ دراوە.

بەڕێز "ئەنوەر حەمەسوار" کە لە بنەماڵەیەکی شاری سلێمانییە، لەگەڵ ئەو ماندووبوونەیدا دوو کتێبی دیکەشی کردبووە دیاری بۆ کتێبخانەی شارەکەی کە بریتیی بوون لە فەرهەنگە بەناوبانگەکەی (C.J.EDMONDS) بەناوی (A KURDISH ENGLISH DICTIONARY) و (النبی)ی جبران خلیل جبران.

پاش سوپاسکردنی ئەو بەڕێزە، چەند کتێبێکی کوردیی نوێی پێشکەش کرا، بەڵام نەزانرا ئاخۆ چوارینەکانی خەیام چەند ساڵە لەوڵاتی کەنەدا سەرگەردانە؟!

Htt:// tima 4.jeeran.Com
WWW. Dhkat. Com

## (چوارینەکانی خیام)ی شێخ سەلام لە١٩٥١دا چاپکراوە‌و مانگێ لەمەوبەر لە (کەنەدا)وە گەیشتەوە سلێمانی

## کتێبەکانی کتێبخانەکەم

**د. فەرهاد پیربال**

# پــۆل ئێلوار



پول ئێلوار

لەماوەی یەك مانگدا، چووم سەرجەم بەرهەمەکانی "پۆل ئێلوار"م خوێندەوە، من زۆر جاران ئاوها دەکەم: ماوەی مانگێك "زیاتر یان کەمتر" دەچم سەرجەم کاتم لەو ماوەیەدا تەنیا بۆ خوێندنەوەی یەك نووسەر تەرخان دەکەم‌و تەنیا لەگەڵ ئەودا دەژیم. لەو ماوەیەشدا چ تێبینی‌و دەرەنجامێکی کارکردنم لەسەر ئەو نووسەرە لەلا گەڵاڵە ببێ، لەدەفتەرچەیەکمدا تۆماری دەکەم.

پۆل ئێلوار(١٨٩٥–١٩٥٢) پێش ئەوەی کەوتبێتە سەر نووسینی شیعر، باش ئاگاداری سەردەمی شیعری پێش خۆی بووە: کووبیستەکان، ئەپۆلینێر، ژۆل، ڕۆمان، ئوونانیمیزم‌و نەغمەگەرەکان‌و وێنەگەراکانی هەموو خوێندبۆوە. هەروەها واڵت ویتمان، بۆدلێر، لۆتریامۆن، نێرڤاڵ‌و رامبۆو بەتایبەتیش فەیلەسووفە ماتیریالیستەکانی خوێندبۆوە. من باش هەستم بەمە دەکرد و تێگەیشتم کە هەموو نووسەرێکیش دەبێ وەك ئەو بکات. تۆ ئەگەر نەجاڕیش بیت، نەجاڕێکی نووگەرا بیت‌و شتی عەنتیکەو دەگمەن‌و مۆدێلی تازە دروست بکەی. نوێخوازی لە سیاسەت‌و حزبایەتیشدا هەر پێویستییەکی موتڵەقە، وەك (معمر القذافی)و (غاندی) بۆ نموونە.

پۆل ئێلوار سەبارەت بەوەی لەساڵانی (١٩٢٠–١٩٣٠)دا سوریالیست بووە، دەبینین زۆرجار بۆ دەربڕین‌و دروستکردنی وێنە، مێتۆدێکی سوریالیستانەی بەکاربردووە. لەم بارەیەوە دەیگوت: "هەر شتێك قابیلی چواندنە بەشتێکی دیکە. هەموو شتێك ڕەنگدانەوەو لێکچوون‌و ناکۆکی‌و ڕوودانی خۆی لە هەموو جێگەیەکدا دەدۆزێتەوە. ئەم ئازادییەی لێکچواندن هیچ سنوورو قەراغێکی بۆ نییە".

ئێلوار، لەناو شاعیرە سوریالیستەکاندا، یەکێکە لەوانەی کە زۆر بەجوانی‌و کارامانە "زمان" دەتەقێنێتەوە بۆ دەربڕین: لەئۆتۆماتیکیەت تێی دەپەڕێنێ‌و لەزمانی ناهۆشیارییەوە، داهێنانێکی ڕۆشن دروست دەکا.

ئازادکردنی نیگاو ئازادکردنی چاو، بنەمایەکی دیکەی شاعیرە. لەم ڕووەوە هەمان تێڕوانینی نیگارکێشە سوریالیستەکانی هەیە. ئێلوار دەیگوت: "پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێ لەپێناو ئازادکردنی ڕوانین، لەپێناو لەیەکترمارەکردنی خەیاڵ‌و سروشت. ئەمەش بۆ ئەوەی هەرچی شتێك مومکینە بە بەواقیع بگەڕێ. بۆ ئەوەی بسەلمێت کە هیچ دووفاقییەك لەنێوان واقیع‌و خەیاڵدا نییە".

(خۆشەویستی) بابەتی هەرە دیاری ناو شیعرەکانی ئێلوارە، بەڵام باسکردنی ئەو خۆشەویستییە– بەپێچەوانەی کلاسیك‌و ڕۆمانسییەکان– بەناو ڕێگا گشتییە هاوبەشەکانی خەڵکدا دەتباتەوە سەر ئامانجە هاوبەشەکانی مرۆڤ و گرفتەکانی میللەت‌و غەمە قورسەکانی هەموو جیهان. ئەمەیە جیاوازیی دیدی ئێلوار، لەچاو دیدی کلاسیك‌و ڕۆمانسییەکان، بۆ خۆشەویستی.

گرنگترین سیمای ئەفراندنی شیعری ئێلوار، بریتیە لە تەکنیك، کە من لەشیعر نووسیندا سوودم لێی وەرگرتووە:

نیگارکێشێکی هاوچەرخ دێت چەند پەڵەرەنگێك‌و چەند فیگەرو هێڵێك (هەر یەکەیان لەلایەك‌و لەسووچێکی تابلۆکە)، پەخش دەکات، بەهەمان شێوە، پۆل ئێلوار دێ چەند دیمەنێکی لەیەکتر جیاو چەند سۆزێك‌و چەند وێنەیەکی جۆراوجۆرمان بۆ دەخاتە ڕوو: وێنەو سۆزو دیمەنەکان پچڕ پچڕ، هەر یەکەی لەشوێنێکەوەو لەمەبەستێکی جیاوازەوە دەهێنێت، بەڵام هەر هەموشیان پەیوەندییان بە بابەتە سەرەکییەکەیەوە هەیە.

تەنانەت لەچۆنیەتیی دابەشکردنی کۆپلەکانیشدا بەسەر ڕووبەری سپیی کاغەزەوە، هەمان کار دەکا. شیعر لای ئێلوار لەم یەکانگیرکردنەی سەرجەم دیمەن‌و وێنەکانەوە–پێکەوە، دروست دەبێ.

پۆل ئێلوار شاعیرێکی ئایدیۆلۆژیستی هونەرمەندە، فەندبازەو باش دەتوانێ ئایدیۆلۆژیا بکاتە شیعرو بیگەیەنێتە ئاستی هونەر، لەهەمان کاتدا دەتوانێ ئەو (ئایدیۆلۆژیەت– شیعر) بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەناو هەست‌و سۆزە مرۆڤایەتییەکاندا، ڕەگاژۆ بکات کە خوێنەری پێ مەفتوون بکا...

• پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

## عومەر فاخووری

لەدوو هەڵقەی پێشوودا لە دوو نووسەری گەورەی عەرەب دوام کە لە ساڵەکانی چلو پەنجای سەدەی بیستەمدا ئالودەی خوێندنەوەی کتێبەکانیان بووین. سێیەمی ئەوانە (عومەر فاخووری)ی نووسەری گەورەی لوبنانی بوو، کتێبی بۆ فرۆشتن نەدەهاتە عیراقەوە، چونکە قەدەغە بوو.

عومەر فاخووری نووسەرێکی گەورە بوو، چەپ بوو، نازانم ئەندامی حیزب بووە یا نا، بەڵام شیوعی یە سووری‌و لوبنانی یەکان زۆر لەوە گەورەتر سەیریان دەکرد کە ئەندام یا سەرکردەش بێت.

لەو سەردەمەدا لەگەڵ هاورێی هەموو ژیانمدا کاك کەمالی کەریم بەگی قادر پاشا(د.کەمال فوئاد) بوو بووین بە موریدی خوێندنەوە. پێش ئەوەی پەیوەندیی حیزبی بەیەکمانەوە ببەستێ لەسەر خوانی ئەو کتێبانە کۆدەبووینەوە کە دەمانخوێندنەوەو لێکمان دەدانەوە.

بەهەزار ناڵی عەلی کتێبێکمان پەیدا دەکرد، لەبیرمە چەند رۆژ بە (الباب الموصود)ی عومەر فاخووری یەوە خەریکبووین.. رۆژێك کاك کەمال لە قوتابخانەی ناوەندی بەروویەکی گەشەوە بەرەو پیرم هات، وەك مژدەیەکی زۆر خۆشی پێ بێ ووتی: ئێوارە وەرە بۆ ماڵی خۆمان، خۆم نەگرت تا نەزانم ئەو مژدەیە چی یە، بەچرپە ووتی: کاکە جەمالم بەسەردان هاتۆتەوە.

کاك جەماڵی برا گەورەی، ئەو سەردەمە لە جامیعەی ئەمەریکیی بێرووت دەیخوێند. بوو بە سەرچاوەیەکی کتێب بۆمان. ئێوارە چووم بۆ بەخێر هاتنەوەی (د.جەمال فوئاد). بە خۆشی یەوە کتێبی "الحقیقە اللبنانیە" ی فاخووریی خستە بەردەستم‌و ووتی: جارێ تۆ بیخوێنەوە پاشان بیدەرەوە بە کەمال. ووتم: کاکە جەمال لیستەت بۆ بکەم کە بە چەند کەسی دەدەین. کەوتە باسی عومەر فاخووری‌و پلەی ئەدەبی‌و پلەی شەخسیی لەناو لوبنانی یەکاندا.

زۆر شتی خۆشی ناو نووسینەکانی فاخووریم لەبیرە، نووسینەکان تەواو (سەهلی مومتەنیع) بوون کە هەموو کەس وا دەزانێ دەتوانێ شتی وا بنووسێ بەڵام کە هەوڵدەدات پێی نانووسرێ.

زۆر باش ئەو دارشتنە بەلاغی یە جوانە چیرۆك ئامێزەیم لەبارەی (ماسیی بۆلشویك)ەوە لە بیرە، بیرووت سەر زەریای سپی یە، لەکەناردا ماسیگر کۆدەبنەوە بە گەلێك ئامێر ماسی دەگرن، لەپڕ ماسی یەك کەوتۆتە ناو تۆڕی ماسیگرێکەوە. زۆر (تەڕوبڕ)و جوان، بەڵام نەدیتراو، ماسیگران کۆدەبنەوە تا ناوێکی لێبنێن، رەنگە هەریەکە شتێك بڵێت.

بەڵام ماسیگرێك دەڵێ: ئەی ئێوە نەتانبیستووە لەم رۆژانەدا کرێکارو فەللاحی (رووسیا) شۆڕشی بۆلشویکیان کردووە. دیارە ئەم ماسی یە هەر خێروبێری ئەو شۆڕشەیە‌و لەو وولاتەوە هاتووە، ماسی ناو دەنێن (ماسیی بۆلشویك)، سەیر ئەوەیە لەو چەشنە ماسی یە لە زەریای سپیدا پەیدا بوو و خەڵك روویانکردە کڕینی و هەمووش هاواریان دەکرد ماسیی بۆلشویك و هەوڵی قەدەغە کردن و پۆلیس سوودی نەبوو.

نازانم عومەر فاخووری کەی ئەو رووداوە بەتامەی بیستووەو چۆنی بەخۆشی‌و شانازی یەوە کردووە بە چیرۆك، ناشزانم ئەو جۆرە ماسی یە ناوەکەی ئێستا لە بێرووت ماوە یان نا، بەڵام پێشنیاز دەکەم دەزگایەکی بڵاوکردنەوە کە لە بێرووت زۆرن کتێبەکانی فاخووریمان بۆ چاپ بکەنەوە، بە تاییەتی بۆ ئێمە، چونکە ئەوسا ئێمە ئەو چەشنە کتێبانەمان پاش خوێندنەوە دەسووتان!

سڵاو بۆ یادی عومەر فاخووری‌و هاوڕێکانی، هیوای گەڕانەوەی کاکە (د. کەمال) دەکەم بەلەشی ساغ وگوڕی جاران‌و دیارە هەر بە پاکی‌و هۆشیاریی خۆیەوە دێتەوە.

### لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی ڤاتیکان

# Bibliotheca Vaticana

ئا. ساکار عەلی عەبدوڵلا



ڤاتیکان، بە فەرمیی بە (شاردەوڵەتی ڤاتیکان) ناو دەبرێت‌و لە رووی رووبەرەوە بچووکترین دەوڵەتە لە جیهانداو بارەگای کڵێسەی کاتولیکەو دەکەوێتە خوارووی ئەوروپاو لە ناوجەرگەی (رۆما)ی پایتەختی ئیتالیادایە.

ساڵی ١٩٢٩ بە رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی ئیتالیا، وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ دامەزراوەو لەلایەن (پاپا)ی ڤاتیکانەوە بەڕێوە دەبرێت کە بە سەرکردەی رۆحیی نزیکەی ملیارێك کاتولیکیی سەر رووی زەمین دادەنرێت.

### کتێبخانەی ڤاتیکان

کۆنترین کتێبخانەیەو ژمارەیەکی زۆر لە دەستنووسی مێژوویی گرنگ دەگرێتە خۆی‌و بە ٧٥ هەزار دەستنووس مەزەندە دەکرێت، ساڵی ١٤٧٥ لەلایەن پاپا نیکۆلاس دامەزراوە. ئەم کتێبخانەیە نزیکەی ملیۆنێك کتێبی چاپکراوی تێدایەو دەستنووسەکانی بە زمانی لاتینی‌و گریکی‌و رۆژهەڵاتین.

لەسەرەتاوە، کتێبخانەکە بە سەرچاوەکانی تەورات‌و زانستی لاهووت‌و یاساکانی کڵێسەو بەرهەمی کلاسیکی مێژوو و فەلسەفەی یۆنان‌و لاتینەکان، لەگەڵ تێکستی پاپاکان‌و راوێژکارو یاوەرانیان، بە ناوبانگ بووە، هەرچۆن گەشتیارو ئەدیب‌و فەیلەسووفەکان، ئەوانەی بە (رۆما)دا گوزەریان کردووە، ناچار کراون دەستنووسەکانیان بە کتێبخانەکە بسپێرن.

لەو شتە دەگمەنانەی خراونەتە کتێبخانەکەوە، بریتی بوون لە:

– دەستنووسەکان کە وێنەی رۆمایان پیشانداوە لە سەدەی چواردەیەمدا.

– نامە عاشقانەکانی "هێنری هەشتەم" بۆ ئان "پۆلین" بەر لە هاوسەرگیرییان.

– نووسینەکانی گالیلۆ گالیلی.

– داهێنانەکانی ئەرستۆو ئەلیادەی هۆمیرۆس‌و یۆهانز رۆسۆس‌و...

– لەگەڵ نامەی جەنگاوەرانی (تەروادە)و نەخشەسازییەکانی (جێوفانی لورینز) و کارەکانی (سید باروکین)و دەستنووسی شاعیری مەزن (بیتراش)و ژیننامەی ئیمپراتۆرانی یۆنان‌و زانایانی سەردەمی رێنیسانس‌و دەستنووسی (رۆژی حەشر)ی گیسی جۆرجیۆ و...تاد.

ئەوانەی هەمووی لەسەر مایکرۆفیلم پارێزراون‌و ئەوانەی مەبەستیان بێت دەیانبینین.

هەرچۆن لە کتێبخانەکەدا دەستنووسی هەریەك لە: الرازی‌و ابن سیناو ابن رشدو الغزالی‌و الفارابی، پارێزراون.

### پەیوەندیی بە کتێبخانەی کۆنگرێسەوە

هەرسێ کتێبخانە گرنگەکەی جیهان بریتین لە (کتێبخانەی کۆنگریس لە ئەمریکاو کتێبخانەی لینین لە رووسیاو کتێبخانەی ڤاتیکان). هاوکاریی نێوان هەردوو کتێبخانەی ڤاتیکان‌و کۆنگریس، لە پاییزی ١٩٢٧ دەستی پێکردووە، ئەویش لە زۆر بواردا، وەکو مەشقکردن لە کردەکانی پێرست‌و پۆلێندا، کارە هونەرییەکانی ئەم کتێبخانەیە لەبەر رۆشنایی سیستمی کۆنگرێس، پراکتیزە کراون.

### بەشەکانی کتێبخانەی ڤاتیکان

بەشە سەرەکییەکانی بریتیین لە:

١– بەشی دەستنووس
٢– بەشی کۆمەڵەی ئەرشیفیی
٣– بەشی کتێب
٤– بەشی وێنە
٥– بەشی دراوە کانزاییەکان

### سیستمی بەڕێوەچوونی کتێبخانەکە

بە درێژایی سەدەکانی پێشوو، هامشۆکردن بۆ کتێبخانەکە بۆ دەستە بژێری خەڵکی بووە، بەڵام ساڵانی ١٩٢٧–١٩٣٩ پاپا لیۆنی سێیەم رێگای بە (خوێنەرە پێگەیشتووەکان) داوە هامشۆی بکەن، ساڵی ١٩٨٣ بڕیاری واڵاکردنی دراوە لەبەردەم سەرجەم خوێنەراندا، بەڵام لە ١٩٨٨دا رێژەی هامشۆکەران‌و خوێنەرانی سنووردار کراوە.

دوای نارەزایی ئەکادیمییەکان، ئەرشیف‌و نهێنییەکانی کتێبخانەکە بۆ ئەو خوێنەرانە خراوەتە سەرپشت کە بەڵگەنامەی پێویستیان پێ بووبێت.

بەپێی یاسای ڤاتیکان، کتێبخانەکە موڵکی جێگیری (پاپا)یە، بەو پێیەش لە پاڵ پاراستنی سامانەکەیدا، هاوکاری کردنی توێژەرانە ئەویش بە گوێرەی پرەنسیبی پێویست‌و رەچاوکردنی رێساکانی کتێبخانەکە، بەبێ بەرامبەر سوودبەخش تیایدا کارەکانی ئەنجام بدات، تاکو هەست بەوە بکات بەرێزیی پارێزراوەو هاوکاریی دەکرێت.

### ئەوانەی هامشۆی کتێبخانەکە دەکەن

بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو، ئەوانەی بۆیان هەیە هامشۆی کتێبخانەکە بکەن، بریتین لە:

- زانا بەناوبانگەکانی جیهان.
- ئەوانەی بەڵگەی کارە زانستییەکانیان، پشتبەستوو بە پشگیریی دامەزراوە ئەکادیمییەکان دەخەنەروو، ئەوانەی لە ڤاتیکاندا جێی بڕوان.
- ئەوانەی راهێنراون بە میتۆدی مامەڵە لەگەڵ کتێب‌و دەستنووسدا.
- ئەو خوێندکارانەی دۆکۆمێنتی پشگیری زانکۆکانیان هەیە.

### مەرجەکانی هامشۆکردنی کتێبخانەکە

١– پاراستنی ئارامی‌و بێدەنگیی تەواو لە سەرجەم بەشەکاندا.

٢– پۆشینی بەرگی تایبەتی پاکژ بە کتێبخانەکە.

٣– نەهێنانە ژوورەوەی موبایل.

٤– وێنە نەگرتن‌و کۆپی نەکردنی هیچ سەرچاوەیەك.

٥– گوێرایەڵی کارمەندان بۆ هەر رێنمایی‌و داواکارییەکیان.

٦– خواردن‌و جگەرکێشان تیایدا قەدەغەیە.

٧– دانیشتن لەو جێگایانەدا کە چاودێری هۆڵ دیاریی دەکات.

٨– دەستێوەرنەدانی هەر دەستنووسێك و هەڵدانەوەی لاپەڕەکان بە لەسەرخۆیی.

٩– هامشۆکەر رازی دەبێ بە هەر پشکنینێك‌و لە هەر کاتێکدا بێت.

١٠– کتێبخانەکە مافی ئاگادار کردنەوەی کتێبخانەکانی دیکەی هەیە لە ناوی هەر سەرپێچیکارێك.

www.alwatan.com
www.alqabas.com

# گۆشەی ئەمریکی لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی

ئاسۆی کتێبخانە

ساڵی ٢٠٠٤، دوای نۆژەنکردن‌و فراوانکردنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر داوای باڵوێزخانەی ئەمریکا لەبەغدا، هۆڵێکی گونجاوی بۆ کردنەوەی گۆشەیەك بۆ سەرچاوەی "خوێنراوو بینراوە ئەمریکییەکان" تەرخان کرد.

ئەوەبوو لەمانگی ئابی ئەو ساڵە و لەئاهەنگێکدا، لەلایەن باڵوێزی ئەو دەمەی ئەمریکاوە لەعێراق (جۆن نیگرۆپۆرتی)یەوە گۆشە پڕ لە سەرچاوەو کاسێتی ڤیدیۆو سیدی DVD و کۆمپیوتەرەکان، کرایەوە.



خاتوو "رازاو رەووف قادر" (بەرپرسی گۆشەی ئەمریکی لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی) سەبارەت بە ئامانجی کردنەوەی ئەو گۆشەیە وتی:

– ئەم گۆشەیە بۆ ئەو مەبەستە کراوەتەوە تا کلتورو رۆشنبیری ئەمریکی لەشارەکەو ناوچەکەدا، بە خوێنەرو هاووڵاتیان ئاشنا بکرێت، بابەت‌و سەرچاوەکان زیاتر باس لە مێژووی دامەزراندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن، بابەتی سەر سیدییەکانیش بریتین لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ئەو وڵاتە.

*سەبارەت بە سیستمی سوود وەرگرتنی هامشۆکەران لێی، بەڕێزی وتی:

– کتێبەکان خواستی ناوەکی‌و دەرەکییان هەیە، واتە خوێنەر بەپێی کات‌و مەبەستی خۆی، چۆنی بوێت سوودیان لێ وەردەگرێت، بەڵام ڤیدیۆو سیدییەکان بە تەنیا لە نێو هۆڵەکەدا سوودیان لێ دەبینرێت.



رازاو رەووف قادر

*لە ئێستادا، لەم گۆشەیەدا، ئەوانەی لەبەردەستی خوێنەرو هامشۆکەردان بریتین لە:

– ٦٦١ ناونیشان بە سەرچاوەی ئینگلیزی.
– ٦٠ ناونیشان بە سەرچاوە عەرەبی‌و گۆڤارەکان.
– ١٨٥ نامیلکەی موزیك.
– ١١١ نامیلکەی ئەدەبی منداڵان.
– ٦٨ نەواری VEDEO
– ٤٥ DVD

شایانی باسە، هەر لەم مانگەدا، گۆشەی ئەمریکی لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی، لەچاپکراوە زیادەکانی خۆی، ژمارەیەکی باش لەکتێبی عەرەبیی، ئەوانەی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون، بەسەر چەند کتێبخانەیەکی شارۆچکەکاندا دابەش دەکات، ئەویش بەپێی بوونی کۆلێژو پەیمانگاکان لەو شارۆچکانەدا، بۆ ئەوەی خوێندکارانیان لەنزیکەوە سوودی تەواویان لێ وەربگرن.

# هەندێك زانیاریی گرنگ سەبارەت بە بەکارهێنانی کتێبخانە

ئا. یاسین قادر بەرزنجی

**وتەیەك:**

یەکێك لەو نامیلکانەی سەبارەت بە کتێبخانەیە، بە ناونیشانی (کیف نستخدم المکتبة)یە و لە ئامادەکردنی (خلیل ابراهیم رجب)ـە، ساڵی ١٩٨٧ سەرۆکایەتی پەیمانگا تەکنیکییەکان لە بەغداد بە چاپی گەیاندووە.

ئێمە، کە دەمانەوێت چەند بابەتێکی تایبەت بە زانستو هونەرکاریی نێو کتێبخانەکان بخەینە بەردەستی کارمەندانی ئەم بوارە گرنگە و هەر کەسی دی بیەوێت سوودیان لێ ببینێت، ئەوا ئەم باسەی بەردەست "کەم تا زۆر" خزمەتی ئەو مەبەستە دەکات، هەرچەندە ئامادەکەری باسەکە نامیلکەکەی بەتایبەت بۆ کتێبخانەی "پەیمانگا تەکنیکییەکان" نووسیوە، بەڵام بە بەشێکی بایەخداری کتێبخانەی پەیمانگاو زانکۆکانو تەنانەت قوتابخانەو خوێندنگاکانییش، دادەنرێت...



ملڤل دیوی

**سەرەتا..**

بەوپێیەی کتێبخانەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ توێژەران، پێویست دەکات بایەخی گەورە بدرێت بە هەموو سەرچاوەکانو کەرەستەکانی، تا خوێنەر بتوانێت باشترین سوودی لێ ببینێت.

دەبێ کتێبو چاپەمەنییەکانو سەرجەم سەرچاوەکانی دیکەی بپارێزرێنو لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی وا بخرێنە بەرچاو کە خوێنەر بە ئاسانی سوودیان لێ ببینێت.

هەربۆیە رێکخستنی چاپکراوەکان بە شێوازی راستو گونجاو، کارئاسانی دەکات لەبەردەم خوێنەردا، تا بتوانێت بە ماندووبوونی کەمو لە ماوەیەکی کورتدا، چی دەوێت دەستی بکەوێت.

لە هەمان کاتدا ئەم دیاردەیە رێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوان کە بەشوێن زانیاری دیکەدا بگەڕێنو سوودی باشتر لە کتێبخانەکە ببینین.

هەرچەندە گەشەکردن لە کتێبخانەکاندا دەبینرێتەوە، بەڵام لە چاو کتێبخانەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر لە دواوەین، یەك لە هۆیەکانی ئەمەش نەبوونی کادیری پسپۆڕە لە بەڕێوەبردنی کتێبخانەکانی ئێمەدا، هەروەها نەبوونی سیستەمو بنەمای زانستیی پێویست بۆ رێکخستنی کتێبخانەکان.

## چۆن کتێبو چاپەمەنییەکان چنگ دەکەون؟

گەر بتەوێت کتێبێك، یان هەر چاپکراوێکی دیکەت چنگ کەوێت، ئەوا دەبێت پەنا بەریتە بەر پێڕستی گشتیی چاپکراوەکان، واتە (فەهرەست)، ئیتر فەهرەستی هەر زمانێك بێت. پێڕستی گشتی بریتییە لە چەکمەجەکانی پاراستنی کارتی کتێبەکان، کە بەپێی پیتەکانی (ئەلف بێ) بۆ زمانی عەرەبیو زنجیرەی پیتەکان، بۆ زمانی ئینگلیزی رێکخراون. ئیدی بە دۆزینەوەی ناوی نووسەر یاخود نازناوەکەی یان وەرگێڕ بە کاتێکی کەم، ناونیشانو بابەتی کتێبەکە دەدۆزرێتەوە.

بەهەمان شێوە، دەتوانرێ کۆی چاپکراوەکانی نووسەرێکی دیاریکراو، یان بابەتێکی دیاریکراو بدۆزرێتەوە.

کارتی فەهرەست ژمارەیەکی تایبەتی لەسەر تۆمارە کە پێی دەوترێت ژمارەی پۆلێن (ژمارەی داواکردنی سەرچاوە)، کە دابەشبوونی کتێبەکان دەگەێنێ بەپێی بابەتەکان، هەر ئەو ژمارەیە لەسەر بەرگی کتێبەکەش تۆمارە، بەپێی ئەو ژمارەیە کتێبەکە لە نێو خانەی دۆڵابدا دەدۆزرێتەوە.



## ژمارەکانی پۆلێن

زۆربەی کتێبخانەکان پەیڕەوی سیستمی (دیوی دەیی) دەکەن، بەپێی ئەو سیستمە سەرجەم کتێبەکان بەسەر (١٠) بەشی سەرەکیدا دابەش دەکرێتو هەریەك لەوانیش بەسەر (١٠) لقی دیکەداو بەپێی درێژەی بابەتەکانیان دابەش دەبنەوە، (ملڤل دیوی)ی خاوەنی بیرۆکەی پۆلێن کردنی (دیویی العشریی) ئەو ژمارانەی وەکو هێمایەك بۆ سەرجەم بابەتی زانستەکان داناوەو بەم شێوەیە:

٠٠٠–٠٩٩ زانیاریی گشتی
١٠٠–١٩٩ فەلسەفەودەروونناسی
٢٠٠–٢٩٩ ئایینەکان
٣٠٠–٣٩٩ زانستە کۆمەڵایەتییەکان
٤٠٠–٤٩٩ زمانەکان
٥٠٠–٥٩٩ زانستە سروشتییەکان
٦٠٠–٦٩٩ زانستە پراکتیکییەکان
٧٠٠–٧٩٩ هونەرە جوانەکان
٨٠٠–٨٩٩ ئەدەبیات
٩٠٠–٩٩٩ جوگرافیاو ژیاننامەو مێژوو

ئەو (١٠) بەشە سەرەکییە، هەریەکەیان بەسەر (١٠) بەشی تردا "بەمجۆرە" دابەش دەبنەوە:

**٠٠٠–زانیاریی گشتی**

٠١٠ بیبلیۆگرافیا
٠٢٠ زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان
٠٣٠ ئەنسکلۆپیدیا
٠٤٠ (بەکارنەهاتووە)
٠٥٠ خولاوەکان
٠٦٠ رێکخراوەگشتییەکان
٠٧٠ رۆژنامەگەریی
٠٨٠ کۆمەڵە گشتییەکان (جۆراوجۆرەکان)
٠٩٠ دەستنووسو کتێبە دەگمەنەکان

**١٠٠– فەلسەفەو دەروونناسی**

١١٠ میتافیزیکا
١٢٠ مەعریفە
١٣٠ دیاردە ناسروشتییەکان
١٤٠ قوتابخانە فەلسەفییەکان
١٥٠ دەروونناسی
١٦٠ لۆژیك
١٧٠ رەوشت
١٨٠ فەلسەفەی کۆنو ناوەندو رۆژهەڵات
١٩٠ فەلسەفەی خۆرئاوایی هاوچەرخ

**٢٠٠– ئایین**

٢١٠ ئایینی ئیسلام
٢٢٠ قورئانی پیرۆز
٢٣٠ فەرموودەکانی پێغەمبەر
٢٤٠ ئسووڵی ئایینی ئیسلام
٢٥٠ شەرعی ئیسلامی
٢٦٠ سۆفیگەریی
٢٧٠ ئایینی مەسیحی
٢٨٠ کەنیسەو دەستە مەسیحیەکان
٢٩٠ ئایینەکانی تر

**٣٠٠– زانستە کۆمەڵایەتییەکان**

٣١٠ ئامار
٣٢٠ رامیاریی
٣٣٠ ئابووریی
٣٤٠ یاسا
٣٥٠ کارگێڕیی گشتییو زانستە سەربازییەکان
٣٦٠ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان
٣٧٠ پەروەردەو فێرکردن
٣٨٠ بازرگانی
٣٩٠ دابو نەریتو فۆلکلۆر

**٤٠٠– زمان**

٤١٠ زمانی عەرەبی
٤٢٠ زمانی ئینگلیزی
٤٣٠ زمانی ئەڵەمانی
٤٤٠ زمانی فەڕەنسی
٤٥٠ زمانی ئیتالی
٤٦٠ زمانی ئیسپانی
٤٧٠ زمانی لاتینی
٤٨٠ زمانی یۆنانی
٤٩٠ زمانەکانی تر

**٥٠٠– زانستە سروشتییەکان**

٥١٠ بیرکاری
٥٢٠ گەردووناسی
٥٣٠ فیزیك
٥٤٠ کیمیا
٥٥٠ جیۆلۆجیا
٥٦٠ زانستە بە بەردبووەکان
٥٧٠ زیندەوەرزانیی
٥٨٠ رووەکناسیی
٥٩٠ ئاژەڵناسیی

**٦٠٠– زانستە پراکتیکییەکان**

٦١٠ پزیشکیی
٦٢٠ ئەندازیاریی
٦٣٠ کشتوکاڵ
٦٤٠ ئابووریی ناوماڵ
٦٥٠ بەڕێوەبردنی کار
٦٦٠ ئەندازەیی کیمیایی
٦٧٠ پیشەسازییەکان (گەورە)
٦٨٠ پیشەسازییەکان (بچووك)
٦٩٠ بیناسازیی

**٧٠٠– هونەرە جوانەکان**

٧١٠ هونەری نەخشەسازیو جوانکاریی شارەکان
٧٢٠ تەلارسازیی
٧٣٠شێوەکارییو پەیکەرتاشیی
٧٤٠ نیگارو زەخرەفە
٧٥٠ نیگاری رەنگاو رەنگ
٧٦٠ هێڵکارییو هونەرەکانی چاپ
٧٧٠وێنەی فۆتۆگراف
٧٨٠ موزیك
٧٩٠ خۆشگوزەراندنو نواندنو وەرزش

**٨٠٠– ئەدەبیات**

٨١٠ ئەدەبی عەرەبی
٨٢٠ ئەدەبی ئینگلیزی
٨٣٠ ئەدەبی ئەڵەمانی
٨٤٠ ئەدەبی فەڕەنسی
٨٥٠ ئەدەبی ئیتالی
٨٦٠ ئەدەبی ئیسپانی
٨٧٠ ئەدەبی لاتینی
٨٨٠ ئەدەبی یۆنانی
٨٩٠ ئەدەبی گەلانی تر

**٩٠٠– جوگرافیاو ژیاننامەو مێژوو**

٩١٠ جوگرافیاو گەشتنامە
٩٢٠ ژیننامە
٩٣٠ مێژووی دێرین
٩٤٠مێژووی نوێو ئەوروپا
٩٥٠مێژووی ئاسیا
٩٦٠مێژووی ئەفریقیا
٩٧٠مێژووی ئەمریکای باکوور
٩٨٠مێژووی ئەمریکای باشوور
٩٩٠ مێژووی گەلانی تر



سەرنج:
چەند پۆلێنێ ژمارەکانیان راستکراونەتەوە، چونکە هەڵەیان تێدابوو.

# کتێبخانەی منداڵان
# پێداویستییەکی گرنگی پەروەردەو فێرکردن

ئاسۆ حەسەن

دوو کاری زۆر گرنگ هەن کە پێویست دەکات لە سیستەمی نوێی خوێندندا فەرامۆش نەکرێن‌و گرنگیان پێ بدرێ، ئەوانیش:

**یەکەم:**

کۆمپیوتەر بخرێتە نێو بەرنامەکانی خوێندن‌و پەروەردەو فێرکردن بە هەردوو جۆری... خوێندنی زانستی کۆمپیوتەرو بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە بەرنامەو پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردندا.

**دووەم:**

دامەزراندن‌و کردنەوەی کتێبخانەی منداڵ‌و گەنجان لە قوتابخانە و خوێندنگاکان‌و تەنانەت باخچەکانیش، یان گرنگیدان بە بەشی منداڵان لە کتێبخانە گشتییەکان، یاخود کردنەوەی کتێبخانەی تایبەت بە منداڵ، لەشارو شارۆچکەو گەڕەکەکان.

### منداڵ‌و کتێبخانەو داهاتوو

ئەگەر بمانەوێ پێشبکەوین‌و گەشە بە کۆمەڵگەکەمان بدەین، ئاییندەیەکی خۆشگوزەران‌و باشتر بۆ خۆمان و نەوەکەمان دەستەبەر بکەین، پێویستە دەست بە پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ بکەین.

ئەو نەوە نوێیە، منداڵانی ئەمڕۆن‌و سبەی گەورە دەبن‌و دەسەڵاتی کۆمەڵ دەگرنە دەست، خۆیان لە نەزانی‌و تەمبەڵی‌و بێکاری‌و هەموو شێوەکانی گەندەڵی پاك دەکەنەوە، بەمەرجێ ئێمە بتوانین بەسەرپەرشتی چەند دەستەیەك لەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی رابردوو پاك‌و دەست خاوێن‌و دڵسۆز، شارەزاو پسپۆڕ لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، بەرنامەیەکی زانستی سەردەمیانەو دابینکردنی هۆیەکانی فێرکردنی هاوچەرخ، ئەم نەوەیە پەروەردە بکەین.

یەکێك لە هۆ، یان پێداویستەکانی سیستەمی خوێندن، یان پەروەردەو فێرکردنی نوێ "کتێبخانە"یە بەتایبەتیش کتێبخانەی منداڵان، چونکە دەتوانێ رۆڵێکی گرنگ ببینێ بۆ زوو هەستکردن بەتوانا شاراوەکانی منداڵ‌و گەشەپێدانی ئەو توانایانەو راهێنانیان لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام و گەڕان بەدوای زانست‌و زانیاری نوێ‌و فراوانکردنی فەزای بیرکردنەوەیان.

گەلانی پێشکەوتووی جیهان، سەدەیەکە هەستیان بەگرنگی کتێبخانە کردووەو زاناو پسپۆرانی ئەم بوارەش، لەدوای دۆزینەوەی چاپخانە، کردنەوەو دامەزراندنی کتێبخانەیان بە دووەمین شۆڕش داناوە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا. هەربۆیە حکومەتە نیشتیمانییەکان‌و رێکخراوە رۆشنبیری‌و شارستانییەکان‌و هەندێك لەسەرمایەدارانی وڵات دۆست‌و تەنانەت گروپ گروپی خەڵکیش، هەوڵیانداوە لە دوای قوتابخانە کتێبخانە دروستبکەن، جا کتێبخانەی گشتی بێت، یان کتێبخانەی تایبەت بە منداڵان.

### کورتەیەك لەمێژووی کتێبخانەی منداڵان

لە وڵاتانی خۆرئاوا، بەتایبەتی لە بەریتانیاو ئەمریکا، لە ساڵی (١٨٠٠) بەدواوە، کتێب‌و بابەتی منداڵان دەگەیشتە کتێبخانە گشتییەکان، بەڵام وەك ئەرشیف هەڵدەگیران‌و نەدەدرانە منداڵان سوودیان لێ وەربگرن، تا ساڵی ١٨٧٦، لە بەریتانیا بیر لەوە کرایەوە کە پێویستە کتێبخانەی گشتی بۆ سوودی هەمووان بێت‌و بە پارە نەبێت، هەروەها منداڵانیش لەو خزمەتگوزارییە فەرامۆش نەکرێن، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بچنە قوتابخانە، پێویستە لەکتێبخانە فێری خوێندنەوە بکرێن.

لە ساڵی ١٨٩٥ لە بەریتانیا کتێبخانەیان بۆ منداڵان دامەزراند، ئەوەی لەم بوارەدا رۆڵێکی گرنگی بینیوە، پیاوێك بووە بە ناوی کارنیك Carngie کە بەسەدان کتێبخانەی لە بەریتانیاو ئەمریکیاو ئوستراليا دروست کردووە، کە بەشی منداڵانیشی تێدابووە...

ئێستا لە ئەمریکاو زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو، خزمەتگوزاری منداڵان لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

لەکتێبخانەکاندا ٦٠٪ی خوێنەران منداڵ‌و گەنج‌و تەمەنیان لەخوار (١٨) ساڵی دایە. هەروەها ئەوانەش تەمەنیان لەخوار (١٣) ساڵیدایەو هاموشۆی کتێبخانەی منداڵان دەکەن، رێژەیان لەچاو تەواوی خوێنەران ٣٧٪ دایە.

لەوڵاتی کۆریای باشووردا لە زۆربەی هەرە زۆری کتێبخانە گشتییەکاندا، بەشی منداڵان هەیە... کە پتر لە (٢٧٠) کتێبخانە یان بەشی منداڵان هەیە. کە لەوانە (٢٠) کتێبخانەی حکومی تایبەت بە منداڵان هەن (٩) لەوانە نموونەیین. هەروەها (١٣٠) کتێبخانەی کەرتی تایبەت‌و بچووك هەن لە شارو شارۆچکەو گەڕەکەکان بۆ منداڵان، کە خەڵك خۆیان دروستیان کردووەو کارمەندیش خۆبەخشانە کاری تێدا دەکەن.

ئەوانی دیش بەشی منداڵانن لە کتێبخانە گشتییەکان. لە کۆریا لە ساڵی ١٩٩٥ وە، پلان دانراوە بۆ ئەوەی لە هەموو قوتابخانەکان، کتێبخانەی منداڵ‌و گەنجان بکەنەوە.

### ئامانجەکانی کتێبخانەی منداڵان

دەکرێ ئامانجە سەرەکییەکانی کتێبخانەی منداڵان لەم چەند خاڵەدا پوختە بکەن:

١-حەزی خوێندنەوەو بەدوای زانیاری گەڕان لای منداڵ دروست دەکات.

٢-خۆشی‌و چێژ وەرگرتن لە خوێندنەوەی کتێب، یان ئەو وێنانەی لە گۆڤارو کتێبدا هەن.

٣-فراوانکردنی فەزای بیرکردنەوەو هەوڵدان بۆ کاری جیدی.

٤-پەرە بەتواناو کەسایەتی منداڵ دەدات‌و پتر باوەڕی بەخۆی دەبێت.

٥- رەنگە زانست‌و زانیاری نوێ وەربگرێ کە لە بابەتەکانی خوێندندا نەبێ.

٦-خوێندنەوەی بەکۆمەڵ، دەبێتە هاندەری منداڵ توانای گوێگرتن‌و لێدوان‌و گفتوگۆو رادەربڕینی ئازادانەی لا پەرەبستێنێ کاتێك گفتوگۆ لەسەر ناوەرۆکی هەر بابەتێك دەکەن.

٧-کەشوهەوایەکی وا بۆ منداڵ دەرەخسێنێ کە جگە لە خوێندنەوە، بواری چالاکی هونەری‌و رۆشنبیری‌و وەرزشی هزری بۆ دەستەبەر بکات.

### ئەو کتێبخانانەی خزمەت بە منداڵ دەکەن

چەند جۆرێك لە کتێبخانە هەن کە خزمەت بە منداڵ دەکەن:

١-کتێبخانەی نێو قوتابخانە: زۆر گرنگە لە هەر قوتابخانە یان باخچە یاخود خوێندنگەیەکی ئامادەیی، کتێبخانە هەبێت، کە ئەو جۆرە کتێب‌و گۆڤارو سەرچاوانەی لێ هەبێت کە بۆ قوتابی پێویستن‌و دەبنە یارمەتیدەر بۆ بابەتەکانی خوێندنیان.

٢-کتێبخانەی گشتیی: لەهەر کتێبخانەیەکی گشتییدا، پێویستە بەشی منداڵان هەبێت. چونکە بەشی منداڵان لە کتێبخانە گشتییەکان لەگەڵ کتێبخانەی نێو قوتابخانە "ئەگەر هەشبن" هەندێ جیاوازی هەیە وەك:

أ- لە کتێبخانەی گشتیی هەموو جۆرە کتێبك هەن‌و زانیارییەکان گشتیی‌و هەمەجۆرن.

ب- لە کتێبخانەی گشتیی بواری چالاکی رۆشنبیری‌و وەرزشی هزری‌و هونەری‌و دیکە هەن.

ج- دەتوانرێ لەکاتی پشوودانی قوتابخانەو دوای دەوامی فەرمی، سەردانی کتێبخانەی گشتیی بکرێ.

د- منداڵ بەجیهانێکی دیکەی پەروەردەکردن ئاشنا دەبێت، جیایە لە قوتابخانەو ماڵ‌و هەوا گۆڕینێکی بۆ ئەو تێدایەو دۆست‌و هاورێی نوێی دەبێت.

٣- کتێبخانەی منداڵان: ئەگەر لەتوانادا هەبێت لە هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون وەك گەڕەك، کۆمەڵگە، شاری بچووك، کتێبخانەی تایبەتی منداڵان هەبێت‌و بەپێی پێویست کتێب‌و کارمەندی پسپۆڕو کۆمپیوتەرو هێڵی ئەنتەرنێتی بۆ دابینکرابێ، کارێکی نایابە... بەڵام ئەمە توانای مادیی‌و مرۆیی باشی پێویستە.

٤- بەشی منداڵان لە کتێبخانەی نیشتمانی:

ئەم بەشە پتر لەهەر کتێبخانە یان بەشێکی منداڵان، خزمەتگوزاری پێشکەش بە زارۆك دەکات، چونکە لە رووی کتێب‌و گۆڤارو سەرچاوەکان، دەوڵەمەندەو هەر بڵاوکراوەیەك لە نیشتمان دەربچێت، دانەی لەوێ دەبێت.

٥- کتێبخانەی نیشتمانی منداڵان: لەهەندێ وڵاتدا کتێبخانەی نیشتمانی منداڵان هەیە، ئەویش بەشێوەی بەشی منداڵان لە کتێبخانەی نیشتمانی کتێب‌و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان هەیە، ئەمە سەرەڕای بەرنامەو چالاکی جۆراوجۆری دیکە، کە هەموو تواناو چالاکییەکانی ئاراستەی پەروەردەو فێرکردنی منداڵ دەکات.

### کارمەندی کتێبخانەی منداڵان دەبێ چۆن بێت؟

منداڵ پێویستی بەسەرپەرشتی‌و خزمەتگوزاری تایبەت هەیە. کارمەندانی کتێبخانەی منداڵانیش پێویستە:

١- شارەزاو پسپۆربن سەبارەت بە پەروەردەو پێداویستە رۆشنبیری‌و زانستی‌و رۆحییەکانی منداڵ‌و باشترە ئافرەتیش بن، چونکە ئەوان باشتر لە منداڵ دەگەن و سەلیقەی ئەوەیان هەیە کە وەك دایك یان خوشك یاخود دایەن، رەفتاری شیاویان لەگەڵدا بکەن.

٢- لەپەیوەندییەکی بەردەوام دابن لەگەڵ خێزانی منداڵەکان‌و ئەو قوتابخانەیەی لێی دەخوێنن.

٣- کارمەندی کتێبخانە دەتوانێ ببێتە پردێك لە نێوان خواست‌و حەزەکانی منداڵ‌و ئەو نووسەرانەی بۆ منداڵان دەنووسن، دەربارەی ئەوەی منداڵ ئارەزووی لە چ بابەتێکەو بەچ شێوازێکی نووسین پتر لێی تێدەگات‌و چ بەرهەمێك دەخوێنێتەوە.

٤- کارمەندی کتێبخانەی منداڵان پێویستە تا ئاستێك شارەزایی لەمەڕ دەروونناسی منداڵان هەبێت.

٥- کارمەند دەبێت دەرچووی زانستی کتێبخانەکان، یان خولی زانستی لەم بوارەوە ببینێ‌و شارەزایی لەمەڕ پۆلێن‌و کەتەلۆگ‌و بەشەکانی کتێبخانەکەی هەبێت.

٦- هەردەم چاوی لەسەر منداڵان بێت‌و ئاگاداری رەفتارو کەلوپەلەکانیان بێت.

٧- هەردەم لەگەڵیان رووخۆش‌و دەم بەخەندە بێت‌و جیاوازی لەنێوان منداڵاندا نەکات.

لەکتێبخانەی منداڵاندا چوار توخمی سەرەکی هەن کە بریتین لە:

کارمەند، کتێب و گۆڤار، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت‌و سیدی، کەلوپەلەکان.

پێشتر باسی کارمەندمان کرد، ئێستاش بەکورتی باس لەهەر یەکێك لەم سێ توخمەی دی دەکەین.

### کتێب‌و گۆڤار

بەش، یان کتێبخانەی منداڵان، پێویست دەکات ئەو کتێب‌و گۆڤارانەی هەبێت کە دەبنە سەرچاوەو یارمەتیدەر بۆ بەرنامەکانی خوێندن‌و پەروەردەکردنی دروست‌و سەردەمانە. کتێب‌و بابەتی نێو گۆڤارەکانی منداڵان، گرنگی بە بەها مرۆییەکان‌و گیانی هاریکاری‌و تەبایی‌و ئاشتی‌و شارستانییەت بدەن، راستگۆو دروست بن، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی لەمەڕ زانستە مرۆیی‌و کۆمەڵاتییەکان‌و کلتوری نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و مێژووەوە نووسراون. سەبارەت بە زانستەکانیش هەمیشە بابەتی زانستی نوێ بخرێتە بندەستی منداڵان بۆ منداڵانی تەمەن لە (٨-٩) ساڵان کەمتریش کتێبی وێنەدارو وێنە بۆ رەنگکردن‌و جیاوازییەکانی نێوان دوو وێنەو پەروەردەی هونەری رەچاو بکرێت، باشترە. هەروەها منداڵ لەسەر ئەوە رابهێنرێ کە بە گروپ کتێب بخوێننەوە گوێ بگرن، پاشان هەریەکە رای خۆی لەسەر بابەتەکە بدات، بەتایبەتی بۆ چیرۆك خوێندنەوە.

### کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت‌و سیدی‌و دیڤیدی

ئەگەر کتێبخانە دووەمین شۆرش بێت لە بواری پەروەردەیی، ئەوا دروستکرنی کۆمپیوتەرو پاشان داهێنانی ئینتەرنێت، بەسێیەمین‌و تا ئێستا دوا شۆڕش دادەنرێ لەو بوارەدا. بۆیە پێویستە لە هەموو کتێبخانەیەکی منداڵان، کۆمپیوتەرو هێڵی ئینتەرنێت هەبێت، منداڵان لەسەر کارپێکردنی کۆمپیوتەرو چوونە نێو هێڵی ئینتەرنێت رابهێنرێن، تا ئەگەر لە قوتابخانەش فێر نەکرێن، کتێبخانە قەرەبووی بکاتەوە. بۆ کاتی خۆشی‌و بێزاربوون‌و هەروەها بۆ وانەی زانستی‌و فێربوونیش، تەلەفزیۆن‌و سیدی یان دیڤیدی پێویستە، بەتایبەتی بۆ لێدانەوەی چالاکییەکانی منداڵان خۆیان، کاتێك وێنەی خۆیان لەنێو تەلەفزیۆن دەبینن.

### کەلوپەلەکان

دیارە کەلوپەلی کتێبخانەی منداڵان لەرووی قەبارەوە لە کتێبخانەی گەوران جودایە، سەرەڕای ئەوەش پێویستە کەلوپەلی کتێبخانەی منداڵان قایم‌و سەرنج راکێش بن. بۆ نموونە تاخچەی (رفوف)ی کتێبمان لە بەشی منداڵانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی لەسەر شێوەی شانەی هەنگە. سەرەرای کتێب‌و گۆڤار بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی.





سەرچاوە:

١- خولی زانستی کتێبخانەکان لە ٨/٢٣و ٢٠٠٧/٨/٢٩، ئینچۆن، کۆریای باشوور، هەردوو موحازەرەی:

-Prat:Eun Seul KANG- Children and Library.

-Dr. Sook Tlyeun LEE-Vision childrens Library and Role of N.Library for children.

## کتێبخانەی گشتیی قەڵادزێ

# مێژوویەك وەك مەرگەساتی شارەکەو هیوایەك بۆ ئاینده

**ئەحمەد محێدین موراد***

لەگەڵ کاولکردنی قەڵادزێ، رژێمی بەعس کتێبخانەی گشتیی شارەکەشی لەگەڵ زەویی بریندار شاری شەهیداندا تەخت کرد، کوڕوکاڵی ئەم شارە بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەیانڕوانییە ئەو کتێبخانەیەی پرس و خەم و خەونەکانیان دەبردە لای.

ئەو کتێبخانەیە ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوەو ساڵی ١٩٧٤ بەوێنەی کتێبخانەی هەڵەبجە، ئەمیش شەهید کراو، جارێکی دیکەش رژێم لەساڵی ١٩٨٩دا لەگەڵ سەرجەم شارەکەیدا شەهیدی کردەوە.

بەر لە خاپور کردنی، بەکۆششی کارمەندانی کتێبخانەی ئەو دەمە، لەگەڵ خەمخۆریی ئەمینداری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی (خوالێخۆشبوو عەبدوڵلا کەریم عەللاف)و ژمارەیەك لە کارمەندانی وەك بەڕێزان (محەمەد فەتاح قادرو یاسین قادر بەرزنجی) کۆتایی هەشتاکان، توانرا هەموو چاپکراوەکانی نێو کتێبخانەکەمان ببرێنە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و لەوێ، بەوپەڕی گیانی نەتەوەپەرستی و رۆشنبیریی و ئەستۆپاکییەوە، هەڵگیران تا سەرلەنوێ لەگەڵ درەوشانەوەی خۆری ئازادیدا، درانەوە پێمان و ئەو کاتەی کە سەرلەنوێ دەرگای کتێبخانەکەمان کرایەوە، چاپکراوە راگوێزراوەکان، گەڕانەوە زێدی خۆیان.

ئەوەبوو لە ٢٠٠٢/٤/٢١ چووینە کتێبخانەی سلێمانی و سەرجەم چاپکراوەکانمان گەیاندەوە کتێبخانەکەمان.



### ئەمڕۆی کتێبخانەی قەڵادزێ

بەوپێیەی کەوا خوێنەر لەزیادبووندان و لە شارەکەماندا خوێندنگا زۆربوون و تەنانەت چەند بەشێکی کۆلیژەکانی زانکۆش لە سنووری دەڤەرەکەدان، کتێبخانە رۆڵی بەرچاو دەبینێ بۆ وەڵامدانەوەی داخوازیی خوێنەران، بەڵام پێویستی زۆرمان بە کتێبی زانستی و سەرچاوەی سوودبەخشە، هەرچەندە بەڕێوەبەرێتیمان کە مەڵبەندەکەی لە (کتێبخانەی گشتیی رانیە)یە بەهۆی ئەو چاپکراوانەوە کە لەوەزارەتەوە (بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان) دەگەن پێی، مانگانەو بەردەوام بەسەرمان دەکەنەوەو هەندێ لەرەوشی هەژاری ئێمەیان باش کردووە.

بەڵام کتێبخانە پێویستی بەسەرچاوەی زۆرترەو بە چەندین زمان.

لەلایەکی ترەوە، تائەمڕۆ کەموکوڕیمان هەیە لە کەرەستەو ئامێرو لەوانەش گرنگتر تا ئەم ساتە دەرچووی بەشی کتێبخانەو زانیارییەکان لەهەردوو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و هەولێر لەلای ئێمە دانەمەزراون، هەربۆیە پێشنیاز دەکەین کە لەمەودوا لە سیستمی وەرگرتنی خوێندکاراندا رەچاوی ناوچە جوگرافییەکان بکرێت.

### هاوکاریی نووسەرو ئەدیبان

دەمەوێ ئاماژە بۆ هەموو ئەو مامۆستاو خاوەن قەڵەمانە بکەم کە بەردەوام چاپکراوی خۆیان دەگەێننە کتێبخانە دووجار شەهید کراوەکەی شارەکەیان، ئەوانە هەموو مایەی سوپاسن، بەتایبەت شاعیرو وەرگێڕی ناسراو مامۆستا غەریب پشدەری کە لەم دواییەدا لەگەڵ هاوسەرە بەڕێزەکەی کتێبخانە بەنرخ و دەوڵەمەندەکەی ماڵی خۆیان پێشکەش بە کتێبخانەکە کرد، هیوادارم رۆڵە بەوەفاکانی وەك مامۆستا غەریب لەناوەو دەرەوەی نیشتمان هەنگاوی لەم جۆرە بنێن و ئەوانیش ببنە ناوی درەوشاوەی نێو ئەرشیفی کتێبخانەکەمان.

### هامشۆی خوێنەرو خوێندکاران

ئەوانەی بەردەوام سەردانی کتێبخانە دەکەن، بەشێوەیەکی گشتیی خوێنەرو خوێندکاران بریتین لە کچ و کوڕە قوتابی و خوێندکارەکان، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا بە زانکۆ دەگات.

ئەوان زیاتر بۆ کاری راپۆرت و ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان، سەردانی کتێبخانە دەکەن و ئێمەش بەپێی توانا و بوونی سەرچاوەکان بەدەمیانەوە دەچین.

مایەی خۆشحاڵییە، ئەمڕۆ لە ناوچەی پشدەردا پێنج کتێبخانەی گشتیی هەیە، ئەوانیش کتێبخانە گشتییەکانی قەڵادزێ، سەنگەسەر، ژاراوە، ئیسێوە لەگەڵ سورەدێ (کە هونەرمەندی خۆشەویستمان کاك یاسین بەرزنجی لەبەر جوانی ناوچەی سورەدێ ناوی ناوە–جوانەدێ)، هاوکات کار بۆ کردنەوەی دوو کتێبخانەی تریش دەکرێ لە هەردوو ناحیەی (هێرۆ و هەڵشۆ) کە بەهیوام ئەو مەبەستە زوو بێتە دیی.

دیارە بوونی ئەم کتێبخانە زۆرانە، فاکتەری سەرەکین بۆ زیادبوونی خوێنەواریی و رۆشنبیریی لەناوچەی فراوانی پشدەردا.

*لێپرسراوی کتێبخانەی گشتیی قەڵادزێ





# کتێبخانەو کتێب کڕین لە بەریتانیا

**پارێزەر تاریق جامباز**

بوونی کتێبخانە لەهەر شارو وڵاتێك، گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، بەم دواییە سەردانی بەریتانیام کردو لەپلاندا بوو کتێبخانەکان بەسەر بکەمەوە، بۆیە چوومە چەندین کتێبخانە، لەشاری نۆرسهامتن سەردانی کتێبخانەی گشتیی ئەو شارەمان کرد.

کارمەندانی کتێبخانەکە بەخۆشحاڵییەوە پێشوازیی گەرمیان لێکردین، داوای چەند ناونیشانێکمان کرد، دیارە ئەوان لەکۆمپیوتەردا گەڕان، بەڵام نەیانبوو، دواتر لە ئەنتەرنێت چەندین لاپەڕەیان لەبوارەکەدا بۆ دۆزینەوەو بۆیان کۆپی کردین.

لە هەموو کتێبخانەکان، چاپەمەنییەکان پۆلێنکراون بەگوێرەی بابەتەکان، گەر داوای هەر چاپەمەنییەك بکەیت، کارمەندی سەرکۆمپیوتەر لەبوون و نەبوون، وەڵامت دەداتەوە. لەشاری لەندەنیش چووینە کتێبخانەی (الساقي) کە کتێب و سەرچاوەکانی بەزمانی عەرەبین.

ئەو سەرچاوانەی ئێمە دەمانویست لەکتێبخانەی (دار الحكمة)ش دەستمان نەکەوت. پاشان ویستمان لەئەنتەرنێت بەدوای سەرچاوەی بەکارهێنانی زمان، لەهەر زمانێکدا بێت لە هەموو ئاست و بوارەکاندا.

لێرەدا مەبەستم (رێزمان و زانستی زمان) نییە، چونکە ئەم بوارە خەمخۆری بەندە ناگرێتەوە، توانیمان سێ بابەت بدۆزینەوەو کۆپی بکەین کە ئەمانەبوون (یاسای زمان لەسکۆتلەنداو یاسای زمان لەوێلزو یاسای زمان لەئیرلەندا)و لەماڵپەڕی ئەمازن بەدواداچوونمان بۆ کردو دوو کتێبی دانسقەمان بەرچاوکەوت:

1-The politics of language in lrelanda 1366-19922 Tony Crorley -2000

2-The politics of language in lreland 1537-2004 Tony Crowley 2005.

توانیمان دوای پارەدانیان بە (کارت) لەماوەی سێ رۆژدا بەپۆست بەدەستمان گەیشت، بەڵام بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا جیاوازی هەیەو ماوەکەی (٤–٧) رۆژە، بۆ ئەمریکاش (٧–١٠) رۆژە، لەکیلۆگرامێك پتر بێ بۆ هەر شوێنێکی دنیا لەماوەی (٤–٧) هەفتە دوای پارەدانی، دەگاتە ناونیشانی مەبەست.

لەماڵپەڕی ئەمازن کتێبی نوێ و بەکارهاتوو کۆن هەیەو هەریەکەیان بەنرخێك دەفرۆشرێ، کتێبخانەکانی دیکە راستەوخۆ وەك لای خۆمان دەیکڕن، یان لەکتێبخانەی تر بۆ ماوەیەك وەریدەگری.

کە سەردانی ئەنجومەنی نیشتمانیی وێلزمان کرد لە بەریتانیا، کتێبخانەکەیان تایبەتە بە پەرلەمانتاران و چاپەمەنیەکانیشی بە هەردوو زمانی فەرمی (ویلزی و ئینگلیزی) بەچاپکراوی لەسەر کاغەزو یان لەماڵپەڕی پەرلەمانتاران هەیە.

لەسەردانەکەمدا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی وێلز، سێ چاپەمەنیم لەبارەی پەرلەمانی کوردستان و یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەدیاری پێشکەش کردو خرانە سەر کۆمپیوتەری کتێبخانەکەیان، بۆیە هەر لەهەمان رۆژدا بەئیمەیل وەڵامیان دامەوە.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

**هەینی ٥ی شوبات ٢٠١٠**
**٦,٣٩**
**میستەر جامباز...**

**کارێکی زۆر باش بوو کە ئەمڕۆ چاومان بە جەنابت کەوت، هیوادارم بەسەردانەکەت (کتێبخانەو کارمەندەکانیت) بەدڵ بووبێت و سوودت لێوەرگرتبێت، هەروەها سوپاست دەکەین بۆ ئەو کتێبانەی لەبارەی پەرلەمانی کوردستانەوە بە دیاری پێشکەشت کردووین.**



تاریق جامباز لەکتێبخانەی ئەنجومەنی نیشتمانیی وێلز

## بەڕێوەبەری زنجیرەی کتێبی منداڵان:

# چاپکراوەکانمان بەزمانی پاراو دەنووسرێن

**ئا. محەمەد مێرکەیی**

**بەڕێوەبەرێتی زنجیرەی کتێبی منداڵان کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییەو چەند ساڵێکە لە هەولێری پایتەخت چالاکیی بەرچاوی هەیەو چاپکراوەکانی بوونەتە مایەی سوود گەیاندن بە کتێبخانەی کوردیو بەتایبەت کتێبخانەی منداڵان کە پێویستی بە دەوڵەمەندکردنی بەردەوام هەیە.**



بەڕێوەبەری زنجیرەی کتێبی منداڵان

**لەدیدارێکدا خاتوو نیان ئەحمەد بەڕێوەبەری زنجیرەی کتێبی منداڵان، باسی لەئامانجی دامەزراندنی بەڕێوبەرێتییەکەی کرد، سەرەتا وتی:**

– دروستبوونی یاخود دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرێتییە، بۆ خزمەتکردنی ئەدەبی منداڵانو هۆشیارکردنەوەی منداڵانی کوردە، ئامانجی ئەم بەڕێوەبەرێتییە بۆ ئەوەیە کە منداڵی کورد فێربێتو چاوکراوەی بکات، ڕابهێنرێت لەسەر خوێندنەوەو بە نەوەیەکی رۆشنبیر پەروەردە بکرێت، ئەم پەروەردەیەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دامودەزگایانەی کە تایبەتن بە بواری منداڵان، چ دەزگایەکی حکومی بێت یاخود مەدەنی.

*** لەسەرەتای دروستبوونییەوە تاوەکو ئێستا چەند کتێبی منداڵانتان بە چاپ گەیاندووەو پێوەرەکانتان بۆ کتێبەکانی منداڵان چین؟**

– لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە تا ئێستا، (٨٣) کتێبمان بە چاپ گەیاندووە، پێوەری بەڕێوەبەرێتییەکانمان بۆ چاپکردنی کتێب، دەبێت بە زمانێکی پاراو و سادە بنووسرێت، جگەلەوەی کە دەبێت ڕەچاوی ڕێزمانی کوردی بکرێت بۆئەوەی منداڵان فێری بناغەی ڕێزمانی کوردی بن و ئاشنای ڕێنوس و وشەی جوانی کوردی بکرێن.

*** بێجگە لە چاپکردنی کتێبی منداڵان، ئایا چالاکییەکانی ترتان هەیە؟**

– چالاکی دیکەمان نییە، تەنها چاپکردنی کتێبە، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرێتییەکەمان تایبەتە بە چاپکردنی کتێب، نامانەوێت لەرێچکەی کارەکەمان لابدەین، بەڵام ساڵانە لە پێشانگای کتێب بەشداری دەکەین، جگە لە پێشانگای (فرانکفۆرت) کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشداری تێدادەکات، لەویش بە نمایشی کتێب بەشدار دەبین.

*** پرۆژەو بەرنامەتان بۆ ساڵی ٢٠١٠ چییە؟**

– بۆ ساڵی (٢٠١٠) ئەگەر فریابکەوین، نزیکەی (٤٠) کتێبمان بۆ چاپ ئامادەکردووە، هاوکاری وەزارەت باشە، ئەویش دەکەوێتە سەر توانای بوجەکە.

*** بەم دواییە نرخی کتێبەکانتان لە ٥٠٠ دینارەوە بوو بە ١٠٠٠ دینار، ئایا ئەمە کاریگەریی خراپی نابێت، لەکاتێکدا هێشتا کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بەشێوە هاندانی جۆراوجۆر هەیە، بۆ گەشەپێدانی ئارەزووی خوێندنەوە لەلای منداڵەکانیان؟**

– زیادکردنی نرخی کتێب لە ٥٠٠ دینار بۆ ١٠٠٠ دینار، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی نییە، بەڵکو تەنها چەند کتێبێکی کەم بوو، ئەو زیادکردنەش لەبەر ئەوەی لاپەڕەی کتێبەکان زیادی کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام خەڵك پێمان دەڵێن ئەو کتێبانەی بە ٥٠٠ دینار تا ئێستا فرۆشراوە، لە فرۆشگاکان بە (١٠٠٠-١٥٠٠) دەفرۆشرێت.

**– لەکۆتاییدا وەك سەرنووسەر و بەڕێوەبەری زنجیرە کتێبی منداڵان، ڕەوشی کتێبی منداڵان لە کوردستاندا چۆن دەبینن؟**

– ناتوانم بڵێم ئەو کارەی ئێمە و ئەو دەزگایانەی کە تایبەتن بە چاپکردنی کتێبی منداڵان دەیکەین تەواوە و بەسە، بەپێچەوانەوە پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت، لەبەر ئەوەی ڕەوشی کتێبی منداڵان لە ئاستێکی بەرزدا نییە، بەو پێوەرەی کە تەماشادەکرێت.









## خانەی سمۆرە..

# پێگەیەکی ڕاستەقینە بۆ ڕۆشنبیرکردنی منداڵان

**ئا. بوار نورەدین**

یەکێك لەو توێژانەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بایەخی پێدەدەن، توێژی "منداڵ"ـە، چونکە ئاشکرایە کە (منداڵانی ئەمڕۆ، کارەکتەرەکانی بەیانین)... لەبەرئەمە، هەر هەوڵێك بۆ جیهانی منداڵان و بە تایبەت "ڕۆشنبیرکردنی منداڵ" بدرێت، جێگەی دەستخۆشی و هەڵوێستە لەسەر کردنە. لەم گۆشە نیگایەوە بەپێویستمان زانی ئاوڕ لە دەزگایەکی حکومیی بدەینەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و مۆدێرن، ئاوڕی لەم پرسە داوەتەوە و خەرمانێکی ڕەنگین و قەشەنگی بۆ منداڵی ئێستا و دوارۆژی کورد، پێکەوە ناوە. ئەمیش "بەڕێوەبەرێتی خانەی سمۆرە بۆ ڕۆشنبیری منداڵان"ی سەر بە "بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری سلێمانی"ی و سەر بە "وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان"ـە، کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٠٥دا بووە بە بەڕێوەبەرێیەتییەکی سەربەخۆ، لەئێستادا شاعیر و ڕۆژنامەنووس "دڵشاد غەفوور" بەڕێوەبەرێتی، کە لەبواری پەروەردەی منداڵاندا شارەزایە و خاوەنی ٥ نامیلکەی شیعرییە و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. کاك "دڵشاد"مان دواند و ئەم پرسیارانەمان ئاڕاستە کرد.

*** لەماوەی دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا، چەند بەڕێوەبەری هەبووە؟**

– لەساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٥، واتە بۆ ماوەی دوو ساڵ کاك (ڕێبوار خالید) وەك یەکەم بەڕێوەبەری ئەم خانەیە، دەست بەکار بووە، دواتر لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٥دا، خاتوونی جوانەمەرگ (لەیلا عەلی) بێژەر و ڕووناکبیر و نووسەر، بوو بە بەڕێوەبەری دووەمی ئەم خانەیە، تاکو کۆچی دوایی (٢٠٠٨/١٢/٢٩)، سڵاو لە گۆڕی پاك و جوانی...

***چەند کارمەندتان هەیە؟**

– (٢٥) کارمەندی تایبەت بە خانەی سمۆرەمان هەیە کە بەسەر کارەکانی خۆیاندا دابەش کراون، لەگەڵ یەك بەڕێوەبەر.









***خانەی سمۆرە لە چەند بەش پێکهاتووە؟**

کارگێری، ژمێریاری، کۆگا، دیزاین، وەرگێران و بەشی هونەری وێنەکێشان.

***تاکو ئێستا چەند کتێبتان چاپ کردووە؟**

– هەتا ئەمڕۆ، زیاتر لە (٢٧٠) کتێبی تایبەت بە توێژی منداڵانمان چاپ کردووە، کە تایبەتن بە بواری ئەدەبی، پەروەردەیی، هۆشیاری، فەرهەنگی، زانستی و وێنەیی... هەموویان بەشێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و لەسەر ئارت، چاپ کراون.

***جگە لە چاپکردنی کتێب، چ چالاکییەکی ترتان ئەنجام داوە؟**

– جگە لە ئامادەکردنی کتێب و نامیلکە، لە ساڵی ٢٠٠٨دا چوار گۆرانیمان بە جیهازی "ماکنتۆش" لەگەڵ کاری ئینیمەیشن بۆ منداڵان تۆمارکرد. چەندین چیرۆك کە لەسەر (CD) تۆمار کراون و تایبەت بە نابینایان و منداڵانی باخچەیە. لە ساڵی ٢٠٠٩شدا، بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی، چیرۆکی شکسپیر "ئۆلیڤەرتیست"مان بە پۆستەرە چیرۆك ئامادەکرد کە تایبەت بە مێردمنداڵ و نەوجەوانان بوو. هەروەها لە ٢٠٠٩/٦/١دا، واتە ساڵڕۆژی جیهانی منداڵ، فێستیڤاڵێکمان سازکرد. لە ساڵی ٢٠١٠شدا بە هاوکاری پەیمانگای "نابینایانی کوردستان" بە کاغەزی "برایل" دوو کتێبمان بۆ نابینایان چاپ کردووە.

***ئایا لە ئیش و کارەکانتاندا، هیچ کێشە و گرفتێکتان هەیە؟**

– هیچ گرفتێکمان نییە و کارەکانمان زۆر چاك و بە ئاسایی بەڕێوە دەڕوات.

***ئایا هاوکاری کتێبخانەی قوتابخانەکان دەکەن؟**

– بەڵێ، زۆر بە باشی هاوکاری سەرجەم کتێبخانەی باخچە و قوتابخانە و خوێندنگاکان و کتێبخانەکانی شار و شارۆچکەکان دەکەین، هەروەها ئەو کتێبخانانەی کە لەناو سەنتەر و ڕێکخراوەکانی سەر بەکاری منداڵانن، لەلایەن ئێمە "بە بەرهەمەکانمان" هاوکاری دەکرێن.

***چ کارئاسانییەك بۆ قوتابیان دەکەن؟**

– لە ڕووی ئەوەی هەر قوتابیەك بیەوێت چیرۆك بنووسێ، یان هەر بابەتێکی ئەدەبی، ئێمە هاوکاریان دەکەین، چونکە هەوڵمان داوە خانەی سمۆرە بکەین بە پێگەیەك بۆ هەموو قوتابیی و بەهرەمەندێك.



بەڕێوەبەری خانەی سمۆرە

*** چۆن بوو بیرتان لەوە کردەوە، بڵاوکراوەیەك لە شێوەی "ڕۆژنامە" بۆ منداڵان پەخش بکەن؟**

– خانەی سمۆرە، بە باشی زانی بڵاوکراوەیەك لە شێوەی "ڕۆژنامە" و بەناوی "ماڵی سمۆرە"، بە قەوارەی A3، کە لەسەر ئارت و بە ڕەنگاوڕەنگی چاپ دەبێت، بڵاوبکاتەوە، کە لەم ڕۆژانەدا ژمارە سفری دەرچوو و وابڕیارە بە دوو هەفتە جارێك ژمارەیەکی لێدەربچێت. ئەم بڵاوکراوەیە تایبەت بە "ئەدەب و هونەر و هۆشیاری منداڵ و مێردمنداڵ و نەوجەوانان" دەبێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە دنیای ڕۆژنامەوانی شارەزابن، وەك دەسپێکی ئەدەبیات و سەلیقەی ڕۆشنبیریان هەوڵ بدەن و ئێمەش لە چوارچێوەی "ماڵی سمۆرە"دا، هاوکاریان بکەین و پێگەیەك بۆ ئەو منداڵانەش خۆش بکەین کە حەز بەم بوارە دەکەن.

لەم ڕاپۆرتەدا، بۆمان ڕوون بووەوە کە هەرچەند ڕەخنە لە دامودەزگاکانی حکومیی دەگرین، بەڵام ئەوەتا خانەیەکی ژیکەڵانە، توانیویەتی لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەرشیفی کتێبخانەی منداڵی کورد زەنگین بکات و لەمێژووی ڕۆشنبیرکردنی منداڵی کوردا، هەنگاوێکی پرشنگدار بنێت... دەستان خۆش بێت و هەر بەردەوام بن، هیوادارم یەکێك لە کەناڵە ئاسمانییەکان ڕیپۆرتاژێکی شایستەتان لەسەر ئامادە بکات و هەموو ئەو بەرهەمە جوانانەتان، بخاتەڕوو.

# چارەسەرکردنی کێشەی پۆلێنکردنی بابەتەکانی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە پۆلێنی (ملڤل دیوی)دا

شێرزاد سەعید محەمەد

لەدرێژەی ئەو زنجیرە سمینارانەی کە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی پێی هەڵدەستێت، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨-٢-٢٠١٠ لە هۆڵی کۆڕگرتنی پەیمانگا، سمینارێکی بۆ مامۆستا (شێرزاد سەعید محەمەد) لەبەشی زانیارییەکان و کتێبخانە ئەنجامدا، لەژێرناونیشانی (چارەسەرکردنی کێشەی پۆلێنکردنی بابەتەکانی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە پۆلێنی(ملڤل دیوی)دا، لەبەر گرنگی بابەتەکە بەباشمان زانی پوختەیەك لەو سمینارە بڵاوبکەینەوە.

کێشەی لێکۆڵینەوەکە / نەبوونی ژمارەیەکی گونجاو و شایستە لە سیستمی پۆڵنی ملڤل دیوی، سەبارەت بە پۆلێنکردنی بابەتەکانی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد.

ئامانج لە لێکۆڵینەوەکە / دۆزینەوەی ژمارەیەکی گونجاو و تایبەت لە سیستمی پۆلێنی ملڤل دیوی دا، سەبارەت بە پۆلێنکردنی بابەتەکانی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد، تاوەکو لە ڕێگایەوە هەموو کتێبخانەکانی کوردستان پابەند بن پێوەی، وە لەداهاتوودا ببێتە بنەمایەك بۆ پۆلێنکردنێکی چوونیەك و یەکگرتوو، کە ئەمەش دەبێتە هاوکارێکی باش بۆ پێکەوە بەستنی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان، بە یەکترو لە دواتریشدا بە کتێبخانەکانی جیهان.


م. شێرزاد.. ئەرشیفی ئاسۆی کتێبخانە

### ئاستی پۆلێنکردن لە کتێبخانەکانی کوردستاندا

بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و ناوچەییەی کە کوردی تێدا تێپەڕیوە، نەتوانراوە وەك پێویست گرنگی بە بواری کتێبخانەو زانستی کتێبخانەکان بدرێت لە سەدەی ڕابردوودا، بەتایبەتی لە بواری پۆلێنکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەدا، وە بەتایبەتریش لە بواری پێدانی ژمارەی پۆلێنی گونجاو بۆ بوارەکانی "ئەدەب و مێژوو و زمانی کوردی"، ئەوەی کە ئێستاش هەیە پاشکۆیە لەئاستی پێویست و گەشەسەندنی سەرچاوەکانی ئەو بوارانەنین کە ئاماژەمان پێداوون لە کتێبخانەکانی کوردستان.

ئەرکی گۆڕین و چاکسازی لە بواری ژمارەکانی پۆلێندا، بەتەنها ناکەوێتە ئەستۆی زانایان و کارمەندانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکان بەتەنها، بەڵکو ئەم ئەرکە لە ئەستۆی مامۆستایان و شارەزایانی بواری (مێژوو، ئەدەب و زمانی کوردی)یە، هەروەها لەئەستۆی تێکڕای ڕۆشنبیرانی کوردە.

ئەوەی کە گرنگە لەسەرەتادا ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، چ سیستمێکی پۆلێن دەگونجێت لە پۆلێن کردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەی کوردی؟ دواتر چوونە ناو وردەکاری چۆنییەتی گۆڕینی ئەو هێمایانەی کە بۆ پۆلێنی سەرچاوەکانی ئەدەب و زمان و مێژووی کورد دانراوە لەو سیستمەدا.

یەکێك لەو سیستمانە سیستمی پۆلێنی (ملڤل دیوی )یە کە بە فراوانترین سیستمی پۆلێن دادەنرێت لە جیهاندا کە زیاتر لە (١٣٨) وڵات لە جیهاندا ئەم سیستمە بە کاردەهێنێت و وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە (٣٠) زمان، لە(٩٥٪) کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی قوتابخانەکان لە (٢٥٪) کتێبخانەی کۆلیج و پەیمانگاکان ولە (٢٠٪) کتێبخانە تایبەتەکان لە ئەمەریکا، ئەم سیستمە بەکاردەهێنن، هەروەها ئەم سیستمە بە شێوەی ئەلەکترۆنی هەیە، کە دەتوانرێت لە ڕێگای تۆڕەکانی ئەنتەرنێت بە کار بهێنرێت.

هەرچەندە ئەم سیستمە لە لایەن زانای بواری بیرکاری (ملڤل دیوی) دانراوە کە لەدایك بووی (١٨٥١-١٩١٣) وە لەساڵی (١٨٧٦) ئەم سیستمەی داناوە. لەو کاتەدا سیستمەکەی تەنها بریتی بووە لە (٤٤) لاپەڕەو بۆ مەبەستی خزمەتکردنی کتێبخانەیەکی دیاریکراو بووە، بەڵام ئەوەندەی پێنەچووە کە ئەم سیستمە داواکاری زۆری لەسەر بووەو زۆر فراوان بووە، لەگەڵ هەموو چاپێکی نوێدا داواکاری لەسەر تیراژی زیادی کردووە کە دواترینیان چاپی (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٣) بووە.

ئەوەی کە جێگای سەرنجە، ئەم سیستمە زیاتر گرنگی بەبواری (زمان و ئەدەب و مێژووی ئینگلیز و ئەورووپا) دەدات. بەڵام هێمای نەتەوەو گەلانی تر لەو بوارانەدا کە ئاماژەمان پێداوە، کەوتوونەتە دواوە، یەکێکیش لەو گەلانە (کوردە).

ئەوەی کە جێگای خۆشحاڵیە، سیستمەکە ڕێگەدەدا بەگۆڕانکاری کردن لەو ژمارانەدا کە بە جۆرێك لەگەڵ ئەدەب و مێژوو و زمانی نەتەوەکانی تر بگونجێت، بەمەرجێك کار لە سیستمی سەرەکی پۆلێن نەکات و پێش وەختیش ڕەزامەندی لایەنی سەرپەرشتیکاری سیستمەکە وەرگیرێت.

ئەو ژمارانەی کە بۆ ئەدەب و مێژوو و زمانی کوردی دانراوە لەسیستمی پۆلێنی (ملڤل دیوی)دا بەم شێوەیەیە.

١_ ژمارە ٤٩١,٥٩٧ دانراوە بۆ زمانی کوردی. (ل٩١٨ خشتەی دیوی).

٢_ ژمارەی ٨٩١,٥٩٧ دانراوە بۆ ئەدەبی کوردی (ل٨٠٩ خشتەی دیوی).

٣_ بەڵام سەبارەت بە مێژووی کورد و کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە :

ژمارە ٩٥٦,٦٧ بۆ مێژووی کوردستان دانراوە.

*_٩٥٦,٦٧ مێژووی کوردستان لە تورکیا (ل٣٥٤ خ / ٢ ملڤل دیوی).

*_٩٥٥,٥٤ مێژووی کوردستان لە ئێران (ل٣٥١ خ /٢ ملڤل دیوی).

*_٩٥٦,٧٢ مێژووی کوردستان لە عێراق (ل٣٥٤ خ /٢ ملڤل دیوی).

*_ڕەگەزی کورد ٩١٥٩٧ (ل٦٦٩ خ /٥ ملڤل دیوی).

*_بەڵام جوگرافیای کوردستان لە سیستمەکەدا ئاماژەی پێ نەدراوە کە دەبێت بەو پێیە ژمارەکەی ٩١٥,٦٦٧ بێت، کە ئەمەش دیارە هۆی سیاسی لە پشتەوەیە.

دیارە ئەو بەڕێزانەی کە لە بواری کتێبخانەدا پسپۆڕن و کاردەکەن، دەزانن کە ئەم ژمارانە بۆ هەر یەك لەو بابەتانەی کە ئاماژەمان پێداوە، دوورو درێژن و تاوەکو بابەت و شێوازەکان لەهەریەك لەو بوارانەدا زیاد بکەن، ئەوەندەی تر ئەو ژمارانە درێژ دەبنەوە، بۆ نموونە ئێمە کە دەڵێین ژمارەی ئەدەبی کوردی٨٩١,٥٩٧، ئەمە تەنها ڕەمزی ئەدەبە، ئەی ئەگەر باس لە چیرۆکی کوردی بکەین هێماکەی ٨٩١,٥٩٧٣ دەبێت، ئەی ئەگەر باس لە مێژووی چیرۆکی کوردی بکەین ٨٩١,٥٩٧٣٠٩ دەبێت.

ئەی ئەگەر باس لەمێژووی چیرۆکی کوردی بکەین، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ٨٩١,٥٩٧٣٠٩١١ دەبێت، یاخود لەبەرکردن و بیرخستنەوەی ئەم هەموو ژمارانە لەلایەن کادیرانی کتێبخانەوە، ئەرکێکی گرانە.

بەهەمان شێوەش بۆ مێژوو و زمانی کوردی. بۆیە پێویستە بیر لە چاکسازی (تعدیل) بکرێتەوە. لەو ژمارانەی کە بۆ ئەدەب و زمان و مێژووی کورد دانراوە.

بۆ نموونە ئەدەبی عەرەبی لە ڕاستیدا ژمارەکەی (٨٩٢,٧) بووە، بەڵام زاناکانی بواری کتێبخانەی عەرەبی، چاکسازیان لەو ژمارەیەدا کردووەو خستوویانەتە شوێنی ئەدەبی ئەمەریکی، ژمارە (٨١٠)یان لە پۆلێنی دیوی دا (٤٩٢,٧) بووە، چۆتەجێگای زانستی زمان (٤١٠)، هەروەها بەهەمان شێوەش بۆ ئایینی ئیسلام و مێژووی عەرەب.

*ئێستاش پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئێمەش دەتوانین بەهەمان شێوە چاکسازی لەو ژمارانەدا بکەین . کە بۆ زمان و ئەدەب و مێژووی کورد دانراوە ؟...*

وەڵامەکەش ئەوەیە بەڵێ دەتوانین، بەڵام پێش ئەوەی کە بەم کارە هەڵسین پێویستە چەند سەرنجێك بێتە بەرچاومان ئەویش ئەمانەی خوارەوەیە:_

١_ وەرگرتنی پێش وەختی ڕەزامەندی لەو لایەنەی کە ئێستا سەرپەرشتی دەرکردنی چاپەکانی پۆلێنی (ملڤل دیوی) دەکات.

٢_خۆساغکردنەوەی زانایانی بواری کتێبخانە لە کوردستاندا لەسەر ئەو ژمارەیەی کە تایبەت دەکرێت بۆ زمان و مێژووی کورد.

٣_ دانانی بوجەی تایبەت بەم کارە، چونکە هەر کتێبخانەیەکی کوردستان کە ئێستا هەیە، هەریەکەو بە شێوازێك ژمارەی پۆلێنیان بە سەرچاوەکانیان داوە، ڕاست کردنەوەی ئەم هەموو ژمارە پۆلێنەش، کات و مەسرەف و کادیرو کەرەستەی زۆری دەوێت.

٤_دوای ئەوەی کە زاناکانی بواری کتێبخانە ساغ دەبنەوە لەسەر ژمارەیەك و دەیکەن بە بڕیار، پێویستە داوا لە حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین، کە ئەم بڕیارە بە بڕیارێکی فەرمی بناسن و سەرجەم کتێبخانەکانی کوردستان پابەند بکەن بە جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارانە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین کتێبخانەکانی هەرێم بەسیستمێکی ئەلەکترۆنی ببەستینەوە.

٥_سەبارەت بەڕێکەوتن لەسەر ژمارەیەك بۆ مێژووی کورد و کوردستان و جوگرافیاکەی، کە ئەمەش دەبێت بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە دەکرێت لەسەر ئەم بابەتە هەڵەیەکی سیاسی لە ناوچەکەدا دروست ببێت. بۆیە پێویستە بۆ ئەم ژمارانە بیروڕای کەسانی سیاسی ئەکادیمی وەربگیرێت.

٦_سەبارەت بە قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد، پێویستە پسپۆڕانی ئەم بوارانە لەگەڵ پسپۆڕانی بواری کتێبخانەدا گفتوگۆ بکەن بۆ خۆ ساغ کردنەوەی چۆنیەتی ڕیزبەند کردنی، ئەو قۆناغانەو پێدانی ژمارەی گونجاوی پۆلێن بۆ هەریەکەیان.

ئایا چی ژمارەیەکی پۆلێنی ملڤل دیوی دەگونجێت، بۆ ئەوەی جێگای ژمارەکانی ئێستای <u>پۆلێنی بابەتەکانی ئەدەب و زمان و مێژووی کورد بگرێتەوە ؟</u>

دوای ئەوەی کەبۆ ماوەیەکی دورودرێژ لێکۆڵینەوەم کرد لە بوارەی جۆرەکان و شێوازەکانی ئەدەب و زمانەکانی گەلان و دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە (١٨) ساڵە لەو بوارەدا (پێڕست و پۆلێن ) وەك کادیر وانەبێژو مامۆستا، کاردەکەم، بۆم دەرکەوت کە باشترین ژمارە کە بگونجێت بۆ ئەوەی جێگای بوارەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بگرێتەوە، بریتییە لە (ژمارەکانی زمان و ئەدەبی یۆنانی) هۆکارەکەشی ئەوەیە کە سەرچاوەی زمان و ئەدەبی یۆنانی لەناوچەی ئێمەدا بە گشتی و کتێبخانەو بنکە زانیارییەکان بەتایبەتی، زۆر دەگمەن و کەمە، وە ئەگەر بێت و زمان و ئەدەبی کوردی بخەینە جێگای زمان و ئەدەبی یۆنانی، زۆر کاریگەریی نابێت لە سەر تێکچوونی سیستمەکانی پۆلێن لە کتێبخانەکانماندا، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا سەرچاوە لەو بوارانەدا لە کتێبخانەکانی کوردستان زۆر دەگمەن و کەمن. بەڵام ئەگەر هەریەکە لە (شوێنی زمانەکان و ئەدەبی عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، ئیسپانی، لاتینی) بەکاربهێنین، دەکرێت لەزۆر لەکتێبخانەکانی کوردستان سەرچاوە هەبێت بەو زمانانە بەتایبەتی لە کتێبخانەی زانکۆو کۆلیج و کتێبخانە تایبەتەکاندا بە بواری زمان و ئەدەب، ئەمەش جارێکی تر کێشەی ئەوەمان بۆ دروست دەکات کە دەبێت پۆلێنی ئەو سەرچاوانەی بەوجۆرە زمانانەن بگۆڕین، بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە ئەگەر لەسەری ڕێکەوتین ژمارەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت:

٤٨٠ زمانی کوردی
٤٨١ شێوازی نووسین، فۆنۆلۆجیا و دەنگەکان لە زمانی کوردیدا
٤٨٢ شیکردنەوەی زمانی کوردی
٤٨٣ فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیا لە زمانی کوردیدا
٤٨٤ ڕەوانبێژی زمانی کوردی
٤٨٥ ڕێزمانی زمانی کوردی
٤٨٦ کێش و قافیە لە زمانی کوردیدا
٤٨٧ زارەکانی زمانی کوردی
٤٨٨ زمانی کوردی پاراو
٤٨٠,٩ مێژووی زمانی کوردی
٨٨٠ ئەدەبی کوردی
٨٨١ هۆنراوەی کوردی
٨٨٢ شانۆی کوردی
٨٨٣ چیرۆك و ڕۆمانی کوردی
٨٨٤ وتاری کوردی
٨٨٥ گوتاری کوردی
٨٨٦ نامەی ئەدەبی کوردی
٨٨٧ گاڵتەو گەپ لە زمانی کوردیدا
٨٨٨ کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆرلە ئەدەبی کوردیدا
٨٨٠,٩ مێژووی ئەدەبی کوردی

سەبارەت بە ژمارەکانی پۆلێنی مێژوو جوگرافیای کوردستان، ئەو ژمارەیەی تایبەت کراوە بۆ مێژووی کوردستان ٩٥٦,٦٧ دەکرێت هەر ئەم ژمارەیە بهێڵینەوە، بەڵام داوا لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری مێژووی کورد بکەین کە قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژووی کوردمان بۆ ڕوون بکەنەوە تاوەکو ئێمەی کادیری بواری زانستی کتێبخانەکان بەپێی سیستمی پۆلێنی "ملڤل دیوی" هێمایان بۆ دابنێین و لە ڕێگایانەوە کتێبخانەی کوردی بەتایبەتی لە بواری مێژووی کوردو کوردستان، باشترو زانستیانەتر ڕێك بخەین، ژمارەی ٩٥٦,٦٧ وەك مێژووی کوردستانی گەورە بناسێنین، دواتر لەباکورەوە بۆ باشوور لە خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا ژمارەی پۆلێن بە شارەکانی کوردستان بدەین بەپێی گەورەو بچووکیی و ناوبانگی شارەکان.

سەبارەت بە جوگرافیای کوردستانیش کە دەبێت ژمارەکەی (٩١٥,٦٦٧) بێت، دەبێت بیروڕای کەسانی بواری جوگرافیای سیاسی وەربگرین، چونکە هەموومان دەزانین جوگرافیای کوردستان ئێستا بە سەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا دابەش بووە، ئایا دەکرێت یەك جۆر ژمارەی جوگرافی یەکگرتوو بۆ هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دابنێین؟ ئەگەر ئەم کارە ساغ بۆوە، ئەوا بە هەمان شێوەی مێژووی کوردستان، دەتوانین هێماش بۆ هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دابنێین.

# شارەزاییەك لەمەڕ دامەزراوەی (کامیلۆ خۆسە سێلا)و کتێبخانەکەی

و. سەعدوڵلا نوری*

لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستی زایینی، کامیلۆخۆسەسێلا بڕیاریدا دەستنووس، کتێب، تابلۆو بەرهەمە هونەری، ئەرشیفو یاداشتە ئەدەبییەکانی خۆی لەدامەزراوەیەكو بە سەرپەرشتی خۆی کۆبکاتەوە، بۆئەوەی وەکو میراتێك بۆ نەوەی داهاتوو بمێنێتەوە، بۆ ئەم کارەشی ژمارەیەك خانووی سەدەی هەژدەی هەڵکەوتوو لەناوچەی (ئیریافلافیا–Iria Flavia)ی دەستنیشان کرد کە شوێنی لەدایکبوونی خۆی بوو.

بێگومان بیرۆکەی خڕکردنەوەی ئەم میراتە، دوای چەند ساڵێك بووە راستییەك، ئەویش دوای وەرگرتنی پێشنیارێك بوو لە یەکێ لە زانکۆکانی ئەمریکا کە بڕیاری بەشداری کردنی دابوو لە پێکهێنانی دامەزراوەیەکی ئاوادا، چونکە ئەم زانکۆیە بەهای مێژوویی و ئەدەبی مەڵبەندێکی موتاڵاکردنی ئەدەبیاتی ئیسپانیایی لەپێش شەڕی ناوخۆ، هەست پێکردبوو، پاشان لە (٧٠) یەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی خۆیدا کامیلۆ خۆسە سێلا لەبەردەم هاوڵاتیاندا ئامانجی خۆی بۆ دروستکردنی دامەزراوەیەکی ئەدەبی کە پارێزگاری لەمیراتەکەی بکات، ڕاگەیاند. یەکەم هەنگاوی بۆ ئەم کارە، سەرەتا چەند خانوویەکی کۆنی کڕی کە لەسەر شێوەی ئەندازەیی سەردەمی سەرەتای پاشاکانی ئیسپانیا دروست کرابوو، ئەم خانووانەش کەوتبوونە بەرامبەرکۆلیژێکی کۆنو لەڕووی شوێنو فرەوانییەوە زۆر لەبارو گونجاو بوو. بێگومان دەنگدانەوەی هەواڵی ئەم کارە گەورەو ڕۆشنبیرییەی سێلا لە زانکۆی (سانتیاگۆدی کۆمپۆستیلا–Santiago de Compostela) کارەکانی زۆر بۆ ئاسان کرد، چونکە چوار دەستە لە ویلایەتی گالیسیا بڕیاری بەشداریکردنیان دا لەئەنجامدانی ئەوکارەدا (کە هەڵبەتە پڕۆژەیەکی کەسییو خێرخوازانە بوو) لەوانە: وەزارەتی ڕۆشنبیری، شارەوانی (پادرۆن)و دوو دامەزراوەی ڕۆشنبیری دیکە. پاش چەندین دانیشتنی سەرەتایی لە کۆشکی سان خرۆنیمۆ، سەرۆکایەتی زانکۆ لە ١٤ی ژوییەی ١٩٨٦، پێکهێنانی دامەزراوەکەیان ڕاگەیاندو پاشان لە١١ی ژوییەی ١٩٩١ لەڕێوڕەسمێکی شکۆداروبە ئامادەبوونی ئەندامانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی ئیسپانیا، ئەم دامەزراوەیە بەشێوەیەکی فەرمی کرایەوە.

پاشان دەستەیەکی باوەڕپێکراو کە پێکهاتبوون لەبیست ئەندام و بە سەرۆکایەتی دامەزرێنەری دامەزراوەکە (کامیلۆ خۆسە سێلا)، ئەم کارانەی خوارەوەیان وە ئەستۆ گرت:

أ.بەرنامە ڕێژی ب. ڕێکخستن ج.بەڕێوەبردنو چاوەدێری کردنی سەرمایەو پێکهاتەی دامەزراوەکە لەوانە:

١. بەرهەمە دەستنووسەکانی کامیلۆخۆسەسێلا.
٢. پارچە لەسەرنووسراوەکان. ٣.جزوە کتێبەکان.
٤. پارچەئەدەبیو بەرهەمە نیوەتەواوو چاپە جیاوازەکانی کتێبەکانی نووسەر. ٥. وەرگێڕدراوەکانی لەزمانە جیاجیاکان. ٦.کۆمەڵێکی پتر لە پێنچ هەزار نامەو نووسراوی خۆسەسیلا کە لەگەڵ کەسایەتییە ڕۆشنبیریەکاندا لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست بوویەتی. ٧.لەئەرشیف دانانی تەواوی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپکراوە جیاوازانەی کە نووسەر لەساڵی١٩٤٢وە تا ئێستا، گرنگی دابوو بەکۆکردنەوەیان.

هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسکران، نووسخەی یەکەمنو سەرنجی زۆر لە لێکۆڵەرو زمانناسانی سەراسەری دنیا بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشنو بۆ قوڵبوونەوە دەربارەی بەرهەمەکانی نووسەر، دەیانکێشنە ئیریافلاڤیا. ئەم دامەزراوەیە چەندین ژووری بۆ یارمەتیدانی کەسانی زانکۆو لێکۆڵەرو توێژەرەوانانی کە سەردانی ئەوێ دەکەن، دابین کردووە.کتێبخانەی ئەم دامەزراوەیە زیاتر لە بیستو سێ هەزار بەرگ کتێبی تێدایە، بەشێکی زۆر لە کتێبەکۆنو دانسقەو بە بەهاکان، جێگای تایبەتیان بۆ دانراوە، ئەم کتێبخانەیە پێکهاتووە لە چەندین کۆمەڵی جیاجیا کە لەنێویاندا دەتوانرێ ئاماژە بەکۆمەڵێکی تەواوی گۆڤارە ئەدەبییەکانی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، بکرێت، هەروەها لەناو ئەم کتێبخانەیەدا، پیشانگایەکی هەمیشەیی هەیە کە تەواوی چاپەکانی ڕۆمانی (خانەوادەی پاسکۆئال دوئارتە)ی سەراسەری دنیای تێدا خراوەتە بەرچاوی لێکۆڵەرو ئەلاقەمەندان.

هەرلەشوێنی دامەزراوەی سێلادا، کارە هونەریەکانو بیرەوەرییەکانی کەسیی سێلای تێدا پارێزراوەو خراوەتە بەردەستی شەیدایانی هونەر، یەکێ لەوکۆمەڵانە زیاترلە پێنچسەد تابلۆو نەخشەی تایبەت بەوکەسانەیە کە وێنەکێشو نووسەرن لە نێویاندا ئەم هونەرمەندانە دێنە بەرچاو: بیکاسۆ، ڕافائیل ئەلبەرتی، گارسیا لۆرکا، بارۆخا پالنسیا، ئیدۆ ئاردۆ ڤیسنتە، ئالڤارۆدلگادۆ، ئیسپلاندیۆ. لەبەرنامەکانی ئەم دامەزراوەیە، بەرپاکردنو بەڕێوەبردنی دەورەی هاوینەیە کە تێیدا نووسەرانو ئوستادانی ئەدەبیات لە تەواوی گۆشەو کەناری دنیا دێنو تێیدا کۆدەبنەوەو خەریکی ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوو بۆچوونی خۆیان دەبن، هەروەها ئەم دامەزراوەیە هەڵدەستێ بە کردنەوەی پیشانگای جیاجیای هونەریو ئەدەبی کە لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەبیدا زانیاری گشتی پێشکەش بە شەیدایانی ئەدەبیاتی ئسپانیایی دەکات.


ناوچەی ئیریافلافیا لە ئیسپانیا



کامیلۆ خۆسە سێلا

**سەرچاوە:**

**ماهنامه گلستانه. سال دوم. شماره ١٩ مرداد ١٣٧٩ .**

***مامۆستا لە بەشی ( زانیارییەکان و کتێبخانە ) لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر.**

## لەکتێبخانەی کوردییەوە

# لایلایەی دایکانی کورد

بوار نورەدین

**کتێبی (لایلایەی دایکانی کورد) کە لە کۆکردنەوەی "هاشم سەلیمی و عوسمان محەممەد هەورامی"یە، ژمارە ٢٦ی زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کوردە و لە چاپخانەی "شڤان" لە سلێمانی بە تیراژی ٢٠٠٠ دانە و بە قەوارەی (١٧×٢٤ سم) چاپی یەکەمی دەرچووە. ژمارەی سپاردن ٧٩٠ ساڵی ٢٠٠٥ی وەرگرتووە و لەسەر ئەرکی "بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە"ی وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، چاپ کراوە.**

**ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەم شێوەیە پێکهاتووە: پێشەکی، لایلایەی دایکانی هەڵەبجە، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی کرماشانی، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی ئیسلامئاوای رۆژئاوا، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی سنەیی، لایلایەو لاواندنەوەی دایکانی سەقز و مەریوان، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی بیجاڕی، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی مهابادی، لایلایەی دایکانی باشووری کوردستان، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی هەورامان، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی سلێمانی، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی گەرمیان، لایلایە و لاواندنەوەی دایکانی هەولێر، لایلایە لە شیعری فایەق (بێکەس)دا، لایلایە لە شیعری (قانع)دا، لایلایە لە نێو بەرهەمی هەندێك شاعیردا، لایلایە لە شیعری (عوسمان هەورامی)دا، دوو لایلایەی تری موکریان.**




**ئەم کتێبە پێی وایە کە "لایلایە" بۆ سەردەمانێکی زۆر زوو دەگەڕێتەوە. هەر لە پێشەکییەکەدا کۆمەڵێك خاڵ و هەست و بۆچوون بەدی دەکرێن کە شایەنی خوێندنەوەن، بۆ نموونە دەڵێ: ((دایکی کورد تەواوی نائومێدی و خواستەکانی دونیا، لە قاڵبی ئەو وشە شیرین و ڕێکوپێکانەدا دادەڕێژێ کە ئەلفبێی چۆن بژین؟ "نەکو چەند بژین" لە نێو بیر و مێشکی کۆرپەکەی بنێ)).**

**یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە ئامادەکاران هەوڵیان داوە تێکستی لایلایەی زۆربەی ناوچە و زاراوەکانی زمانی کوردی کۆبکەنەوە، هەروەها شێوازی نووسینەوەی تێکستەکانیش جێگەی دەستخۆشی و هەڵوێستەن؟ چونکە تەواوی تێکستەکان بە هەردوو تیپی عەرەبی و لاتین و لەبەرامبەر یەکتردا نووسراونەتەوە، ئەمە جگەلەوەی کە لە ڕووی فۆنەتیکی زاراوەکانەوە بایەخی هەیە، هەروەها خوێنەریش لە فێربوون و خوێندنەوەی تیپەکان نزیك دەکاتەوە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ کەموکوڕی نییە و نەتوانراوە بەشێوەیەکی گشتگیر تێکستی فۆلکلۆری لایلایەی هەموو دایکانی کوردستانی تێدا کۆبکرێتەوە، ئەوەتا ئامادەکاران دەڵێن: ((ئەوەی لەم کتێبەدا کۆکراوەتەوە، هەر کۆکردنەوەیەکی ساکارە و کارێکی ئەوتۆی لێکۆڵینەوە نییە، بەڵکو بەشێکە لە ئەدەبیاتی زارەکی ژنانی کورد)).**

**شایانی باسە یەکێکی تر لەو کتێبانەی کە هەر لەلایەن ئینستیتیوتی کەلەپووری کوردەوە ئامادەی چاپ کراوە، بەناونیشانی (زەڕینە و سیمینە– بەرگی سێیەم)یە و تایبەتە بە کۆکردنەوەی تێکستی فۆلکلۆری هۆنراوە و لایلایەی ناوچەکانی کرماشان و دەوروبەری کە لەلایەن فۆلکلۆریست "عەباس جەلیلیان"ەوە کۆکراوەتەوە و شیکردنەوەی بۆ کراوە.**

**یەکێك لەو تێکستانەی کە لە کتێبی "لایلایەی دایکانی کورد"دا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، لە لایلایەی دایکانی هەڵەبجەوە دێت کە دەڵێ:**

**– ڕۆڵە لایلایە، باوکم لایلایە**
**خۆزگە ئەمزانی بۆ خەوتنایە!**
**– دایکە ئەزانی بۆ خەوم نایە؟**
**کیمیایی لێیدام، دەنگم دەرنایە.**

**بەداخەوە شارستانیەت و تەکنەلۆژیا، چەند سوودمان پێدەگەیەنن، هێندەش تووشی زیانمان دەکەن، ئەوەتا سەردەمانێك هاتووەتە پێشەوە کە دایکان لایلایە بۆ کۆرپەکانیان ناکەن، چەند ساڵێکی تریش کە ئەم کۆرپانە گەورە دەبن و دەبن بە دایك یان باوك، خۆیشیان نازانن لایلایە چییە؟ تاکو بۆ کۆرپەکانیانی بکەن!**

# گرنگیی ئینتەرنێت بۆ توێژەرە زانستییەکان

ئا. دلێر میرزا

لێرەدا باس لە تۆڕی ئینتەرنێت و رادەی سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت دەکەین‌و روونی دەکەینەوە گەشەسەندنی تەکنۆلۆژی چ کاریگەرییەکی لە سەر بابەتی توێژینەوەی زانستی‌و جۆرەکانی، هەیە. هەروەها باسی ئینتەرنێت دەکەین، بەوەی گەورەترین کتێبخانەی بێ دیوارە لە جیهاندا کە ساڵانە نزیکەی ٤٥ هەزار دەق‌و کتێب لەخۆدەگرێت.

دیارە دەستەبەرکردنی سەرچاوە نوێکانی زانیاری بە بنەمایەك هەژمار دەکرێت بۆ توێژینەوەی نوێی زانستیی، ئەگەر کتێبخانەکان هەرچەند هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە، لە نوێکردنەوەی چاپکراوەکاندا، ناتوانن ئەو هەموو بەرهەمە گەورە فیکرییانەی سەردەمی شۆڕشی زانیارییەکان‌و پێوەندییەکان کۆبکەنەوە کە تا دێ فراوانتر دەبێت. ئینتەرنێت چەندین سیستمی خستۆتە روو، بۆ گەڕان بە دوای زانیارییە خوازراوەکاندا، سەبارەت بە گەڕان بەدوای بنەماکانی زانیاریی تەواو لە سەر بەڵگەنامەو دیکۆمێنتەکان کە دەق‌و وێنەو دەنگ‌و ڤیدیۆ لەخۆ دەگرن، جگە لە شتی دیکە کە دەستەبەرکردنیان پێویستی بە هەوڵ‌و ماندووبوونی کەمتر دەبێت. هەندێ لەو سیستمانە رێگە دەدەن کردەی توێژینەوەو گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا بکرێت. بەپێی خەسڵەتی ئەو زانیارییانەی لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو زەخیرە کراون، هەندێکیان وەرامی ئەو جۆرە پرسیارانە دەدەنەوە، چەق لە سەر ناوەڕۆکی زانیارییەکان دەبەستن. تەنانەت هەندێ لەو سیستمانە رێگە بە توێژەر دەدەن کە راستەوخۆ بگەڕێت بۆ ئەوەی لە ناو ئەو زانیارییانەدا هامشۆ بکات، تاوەکو زانیاریی مەبەست دەستەبەر بکات.

گشت ئەم تایبەتمەندییانەو چەندین تایبەتمەندیی سەرباری دیکە، کە دەرهاویشتەی تەکنۆلۆژیی نوێن بۆ زانیارییەکان‌و شێوازی پەرەسەندووی بەکارهێنانیان، وایان لە چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەو گەڕانەوە بۆ زانیارییەکان کردووە، ببن بە توخمێکی هەڵسوڕاو و چالاك‌و گونجاو، لەگەڵ گۆڕانکاریی توخمەکانی دیکە کە لە دوورەوە پێوەندییان بە تۆڕەکانی پێوەندیی و سایتەکان‌و توێژینەوەکان لە بوارە زانستییەکاندا، هەیە. ئەم گۆڕانکارییانە توخمێکی گرنگ پێکدەهێنن بۆ ئەنجامدان‌و پەرەپێدانی میکانیزمەکان و شێوازە نوێکان بۆ چێکردن‌و هەڵسووڕانی دیکۆمێنتە ئەلکترۆنییەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتوانەو گشتگرانە. ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەو توێژینەوانەی هانی توێژەر دەدات بۆ ئەوەی روو لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بکات و بەردەوام لە ناو جیهانی زانیارییەکاندا، پەلبهاوێت.



### کاریگەریی تەکنۆلۆژی لە سەر پەرەسەندنی بابەتی توێژینەوەی زانستی

هاوکات لەگەڵ شۆڕشی زانیندا، تەکنۆلۆژیی زانیارییەکان‌و کۆمپیوتەرو پێوەندییەکان لە بواری گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا، بەهۆی چەنین فاکتەرەوە، گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، لەوانە: نیاز بۆ تەکنۆلۆژیی ئامرازەکانی زەخیرەکردن‌و چێکردن‌و میمۆری. دیارە پەیدابوونی ئەو بڕە بە لێشاوەی دیکۆمێنتەکان پێویستی بە ئامرازەکانی تۆمارکردنی زۆر هەیە، پەرەپێدانی تەکنیکی زەخیرەکردنی دەنگ‌و وێنە بە شێوەیەك تێچووی زۆری نەوێت، هەروەها کردەکانی گەڕان‌و بژارکردن، پێویستیان بە چاکسازیی هەڵسووڕان هەبوو لەرێگەی کۆمپیوتەرێکەوە کوالیتی بەرزبێت لە رووی چێکردن‌و میمۆریی زیندووەوە، بتوانێت لە کورترین کاتدا کارەکان هەڵسووڕێنێت. یەکێکی دی لەو کاریگەرییانە، بریتییە لە تەکنۆلۆژیی کارلێك لە نێوان مرۆڤ و ئامێردا. دیارە پەرەسەندنی ئامرازەکانی پێوەندی‌و چوونەناو کۆمپیوتەرەوە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، بەشێوەیەکی بەهێز و چالاك بووە هۆی رووهێنان بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت، لە پێناو ئاسانکردنی مامەڵەکردنی بەکاربەران لەگەڵ بەرنامەکان و سیستمە کۆمپیوتەرییەکان بەگشتی و سیستمەکانی گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا بەتایبەتی، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی دەرەتانی گەڕان بە دوای زانیارییەکاندا، بە شێوەیەکی چالاکانەتر بڕەخسێت. کاریگەرییەکی دی: تەکنۆلۆژیی میدیا جۆراوجۆرەکان‌و میدیا سەرکەوتووەکانە. دیارە بەهۆی بەرزبوونەوەی گرنگیی گەڕان بە دوای ئەو زانیارییانەی بەشێوەیەکی ئامێرانە زەخیرەکراون، بەهۆی زۆریی میدیاکانیانەوە، لە دەق و وێنەو بڕگەی ڤیدیۆیی و بڕگەی دەنگییەوە، هەروەها بەهۆی پەرەسەندن لە تەکنیکی کارلێك لە نێوان مرۆڤ و ئامێردا، ئەمانە هەر هەموویان بوونەتە هۆی رەخسانی دەرەتانی دەستەبەرکردنی دیکۆمێنت لە چەندین میدیاوە کە شێوازی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن لە زانیارییەکان‌و سەرچاوەکانیان، هەروەها بوار بۆ توێژەر دەرەخسێنن تاوەکو راستەوخۆ دەستی بە زانیارییەکان بگات‌و هەڵدانەوەیان تا دەگاتە ئەو زانیارییانەی خۆی مەبەستێتی بە بەکارهێنانی میدیا سەرکەوتووەکان کە رێگە هەموار دەکەن بۆ شێوازە جۆراوجۆرەکانی خستنە رووی زانیارییەکان. دوا کاریگەری، بریتییە لە تەکنۆلۆژیی پێوەندییەکان‌و ئینتەرنێت. دیارە پەرەسەندن لە تەکنۆلۆژیی پێوەندییەکاندا، بووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان زانیارییەکان بڵاوببنەوە، دواتر بووە هۆی پەیدابوونی نیاز بۆ سیستمگەلی پێشکەوتوو کە بە شێوەیەکی ئامێرانە بە دوای زانیارییەکاندا دەگەڕێن. ئەمەیش سەرهەڵدانی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی جیهانی (WWW) (World Wide Web) بەهێزکرد کە لەم سەردەمەدا، لووتکەی شۆڕشی زانیارییەکان پێکدەهێنێت.

### تۆڕی ئینتەرنێت

ئینتەرنێت بە تۆرێکی چەند لایەنە بۆ بەکارهێنان هەژمار دەکرێت. بریتییە لە تۆڕی پێوەندییەکان کە هەموو جیهان پێکەوە دەبەستێتەوە و یارمەتی دەدات بۆ ئەنجامدانی پێوەندییەکان لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا، بەمەبەستی گۆڕینەوەی ئەزموون‌و شارەزاییە پیشەیی‌و تەکنیکییەکان، هەروەها بەشداری دەکات بۆ فێرکردن لە دوورەوە، لە کاتێکدا دەرەتانی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە رەخساوەکانی زانیارییەکان دوو هێندە دەکات لە سەر کۆمپیوتەرو دەستەبەرکردنی پوختەی توێژینەوەو بابەت‌و راپۆرت‌و لیستەکانی بیبلۆگرافی بۆ سەرچاوە رەخساوەکانی زانیارییەکان لە بنەما گەورەکانی زانیارییەکاندا. ئەویش بریتییە لە کتێبخانەیەکی بێ دیوار، چەندین پسپۆری لە خۆ دەگرێت‌و بە بەردەوامی لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو تۆڕو سایتانەی سەر بەون، لە فراوانبووندایە. هەندێ وا پێناسەی دەکەن کە بریتییە لە کۆمەڵە تۆڕو سایتێکی پێوەندی کە پێکەوە بەستراونەتەوە، خۆبەخۆو بە ئەندازەی ئەو تۆڕو سایت‌و کۆمپیوتەرانەی دەخرێنە سەری، گەشە دەکەن. ئینتەرنێت بەو چاوەوە تەماشا دەکرێت، سەرچاوەی گەورەی زانیاریی زانستی‌و کات بەسەربردنەو دەرفەتی پێوەندیکردن بە ملیۆنەها خەڵك دەدات. بریتییە لە یەکەم کتێبخانەی جیهانی. ئینتەرنێت بریتییە لە تۆڕێك، چەندین سایتی کۆمپیوتەریی جیهانی تێهەڵکێش لەخۆ دەگرێت، لە نێوان خۆیاندا دەمەتەقێ دەکەن، گشت جۆرکانی زانیاری و بابەتەکان، ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەر لە دەقە ئەلکترۆنییەکانەوە بۆ کارە ئەدەبییە کلاسیکییەکان، تا دەگاتە نووسینە فیکرییە هەنووکەییەکان لە رۆژنامەکان و گۆڤارەکاندا، هەر لەدەقە مێژووییەکانەوە تا دەگاتە بابەتە رۆژنامەوانییەکان. سەبارەت بە هەواڵی رۆژانە، هەر لە توێژینەوەی ئەکادیمییەوە تا دەگاتە پۆستی ئەلکترۆنی. ئەمانەیش وا لەکەسی توێژەر دەکەن، بەخێراییەکی سەرنجڕاکێشەوە، دەستی بە بڕێکی زۆر لە زانیارییەکان بگات لە سەرچاوە بەربڵاوەکان لە سەرانسەری جیهاندا، هەر لە زانیاریی دەق‌و وێنەو دەنگ‌و بابەت‌و تەنانەت ڤیدیۆ.

### سیستمەکانی گەڕان

ئەوەی هەڵدەسێت بەدابینکردنی کردەکانی گەڕان بەدوای خەسڵەتە دەرەکییەکانی زانیارییەکان، ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێن لە ناو زەخیرە ئامێرییەکانی دیکۆمێنتەکان‌و، ئەوەی دەرەتانی گواستنەوەی راستەوخۆ بۆ زانیارییەکان دابین دەکات‌و رێگە دەدات بە ناویاندا بگەڕێن. ئەمانە هەموویان بریتین لە سیستمەکانی گەڕان بە دوای زانیارییەکاندا. دەکرێ سیستمەکانی زانیارییەکان بکەین بە دوو بەشی سەرەکییەوە: سیستمەکانی میدیا سەرنەکەوتووەکان، وەکو ئەو سیستمانەی یەك مەبەست دەپێکن یان ئەوانەی زیاتر لە مەبەستێك دەپێکن‌و سیستمەکانی میدیا سەرکەوتووەکان. دیارە مەبەست لە سەرکەوتوو لێرەدا بریتییە لە پوختەبوونی نێوان دەق‌و دەنگ‌و وێنەکان بە هەردوو جۆرەکەیەوە لە ناو یەك سیستمی کۆمپیوتەریدا، کە لەگەڵ پەرەسەندنی میدیا سەرکەوتووەکاندا، بە شێوەیەکی پۆزێتیڤ کاریگەری هەبووە لە سەر ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان بەکارهێنانی ویب بڵاوببێتەوە.

### خزمەتگوزارییەکانی گەڕان بە دوای زانیارییەکان لە ئینتەرنێتدا

ویب، یان تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی جیهانی WWW بریتییە لە سیستمی میدیا سەرکەوتووەکان‌و بەسەر هەموو جیهاندا دابەشبووە کە دەکرێ لە رێگەی ئینتەرنێتەوە پێی بگەین. ویب، رێگە دەدات بە وردی بە دوای دیکۆمێنتەکانی سیستمەکەدا بگەڕێین، هەروەها رێگە دەدات لە گشت شوێنەکانی ویب لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت، بە دوای شوێنەکانی زەخیرەکردنی ئەم دیکیۆمێنتانەدا بگەڕێین. جۆرکانی گەڕان دوانە،: گەڕانی ساکارو گەڕانی پێشکەوتوو. هەروەها ویب دەتوانێت رۆڵی پەروەردەو خوێندن‌و فێرکاری بگێڕێت بۆ خوێندکاران‌و توێژەران، رۆڵی کتێبخانە تۆکمە دەکات بۆ بەشداریکردن لە کردەی فێرکاری‌و پەروەدەو خوێندن لە خوێندنگەکاندا، چونکە زۆربەی خوێندکاران بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان پێ باشترە لە شێوازە کلاسیکییەکەی خوێندن، چونکە زانیارییەکانی هەڵسووڕاوتر و نوێترە.

سەرچاوە:

منتدیات نقابە المحامین– حلب– سوریا



NO. 7 – 13/4/2010

# زانستی پێڕست و دۆکۆمێنتاری

## "بەشی سێیەم"

د. شاکر السعید

و. یاسین قادر بەرزنجی- ساکار عەلی عەبدوڵڵا

**١- پێڕست لەشێوەی کتێبدا، یان فەرهەنگی چاپکراو** Book catalog

بەکۆنترین شێوەی پێڕست دادەنرێ و لە کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریدا، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەکارهێنراوە.

بە (پێڕستی کتێب) ناودەبرێ، چونکە لەشێوەی کتێبدا دەردەکرێ و تیایدا زانیارییاریە بیبلیۆگرافیاییەکان سەبارەت بە بابەتەکانی نێو کتێبخانە، تۆمار دەکرێت. هاوکات بە (پێڕستی چاپکراو) ناودەبرێ، چونکە بەگشتی لەشێوەی چاپکراودا دەخرێتە بەرچاو، ئەمە لە کاتێکدا باو بووە کە کۆمەڵەی چاپکراوەکان (کتێبەکان) وەك ژمارە کەم بوون، لە نموونەی ئەم شێوەیە:

–ئەو پێڕستەی کتێبخانەی کۆنگرێس بە ناوی National Union Catalog :

–لەگەڵ پێڕستەکانی دەزگای کتێبی میسری و کتێبخانەی زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە و کتێبخانەی شارەوانی ئەسکەندەرییە.

بەڵام ئەم جۆرە پێڕستە لەمڕۆدا بایەخی لە دەستداوەو لە کتێبخانەکاندا بەکارنایەت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك:

– زوو دەشێوێ و لەناودەچێ.

– بەردەوام پێویست بە نوێکردنەوە دەکات، (چونکە بۆ سەرجەم سەرچاوەکانی کتێبخانە ئاوێنەی راستەقینە نییە، بەڵکو کۆی ئەوانە دەگرێتەخۆ کە تا کاتی ئەنجامدانی پێڕستەکە لەبەر دەستدان، هەربۆیە پێویست بە پاشکۆی ناوبەناو دەکات بە سەرچاوە زیادبووەکان، ئەمەش خەرجیی چاپ و بڵاوکردنەوەی زیاد دەکات).

لەگەڵ ئەوانەشدا، بە چەند هۆیەك لە جۆری تری پێڕست باشترە، لەبەر:

١– ئاسانیی بەکارهێنانی.

٢– ئاسانیی هەڵگرتنی و گواستنەوەی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر لە ناو کتێبخانە و دەرەوەیدا.

٣– بچووکی قەوارەی.

٤– توانای بەشداریی زیاد لە کتێبخانەیەك تیایدا، لەبەرهەمهێنانی و دابەشکردنی.

٥– ئاسانیی روانینە دەروازە جۆراوجۆرەکانی بەخێرایی.

٦– ئاسانیی ئامادەکردنی چەندین دانە لێی بە مەبەستی ناردنی بۆ کتێبخانەی تر، دیارە ئەم کردەیە لەگەڵ گەشەکردنی ئامرازی ئامادەکردنی پێڕستەکان و گەیشتنی تەکنەلۆژیا بۆ ئەم بوارە، ئاسانتر بووە.

**٢- پێڕستی کارت** Card Catalog:

شێوەیەکی نوێیە لە شێوەکانی پێڕست کەوا بەکارهێنانی لە کتێبخانە و سەنتەرەکانی زانیاریدا، بە جۆرێکی بەربڵاو لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بووە، بەتایبەتیش کاتێ کتێبخانەی کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٠١دا کارتی چاپکراوی بۆ کتێب بەکارهێنا.

پێڕستی کارت، لە کارتی پێوانەی جیهانیی ستاندەر بە قەوارەی ١٢,٥×٧,٥ سم پێکهاتووە، لە کاغەزی ئەستوور کە لە نێوان (١٨٠–٢٤٠ گم) دایە، ئەم کارتە کونی تێدەکرێت بە بەرزیی نیو سانتیمەتر لە ناوەڕاستی لێواری خوارەوەی، پاشان لە چەکمەجەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دەپارێزرێت، لە چەکمەجەکاندا بە هۆی شیشێکەوە کە دەکرێتە کونی کارتەکانەوە جێگیر دەکرێت، هەر چەکمەجەیە جێی زیاد لە ١٢٠٠ کارتی تیادا دەبێتەوەو رەنگی کارتەکان زیاتر سپییە، هەرچەندە لە توانادایە رەنگی دیکەشیان بۆ بەکاربهێنرێت، بەتایبەت بۆ کارتە رێبەرەکان.

ئەم جۆرە پێڕستە بەوە ناسراوە کە:

١– بەکارهێنانی ئاسانە.

٢– بۆ زیادکردنی کارت و دەرهێنانەوەیان، لەبارە.

٣– دەتوانرێ دەروازەی نوێ بخرێنە ناویان و هی تریش بە ئاسانی دەربهێنرێن.

٤– بە ئاسانی ئامرازەکانی رێنمایی و رێبەری کردن دەخرێنە ناویانەوە.

٥– دەتوانرێ زانیاریی بیبلیۆگرافی سەر کارتەکان بگۆڕدرێن، یان راست بکرێنەوە.

٦– ئەم کارتانە بەخێرایی لە ناوناچن، چونکە لە کاتی بەکارهێنانیاندا، بە تەنیا لێواری کارتەکان دەگیرێن، دەشتوانرێ بە مادەی پلاستیکی کەپس بکرێن، تا هیچیان لێ نەیەت.

لەگەڵ ئەو شتە باشانەدا، ئەم جۆرە پێڕستە شوێنی باش لە کتێبخانەدا داگیر دەکات، بەتایبەت ئەگەر دابەش بووبن بە سەر پێڕستی نووسەرو ناونیشان و بابەتدا، هەر چۆن گواستنەوەیان لە ناو کتێبخانەدا کارێکی قورسە و خواستنیشیان لەلایەن کتێبخانەی ترەوە هەر بەو جۆرەیە، هاوکات کۆپی کردنیشیان بۆ لقی دیکەی کتێبخانەش، دووبارە کارێکی گرانە.

ئەمانە جگە لەوەی (پێڕستی کارت) تەنیا بوار دەداتە یەك خوێنەر لەیەك کاتدا تەماشای یەك چەکمەجە بکات، واتە نزیکەی ١٠٠٠ کارت قۆرغ دەبێ بۆ تەنیا خوێنەرێك، لەگەڵ ئەوانەشدا زۆرترین بەکارهێنانی پێڕست لە کتێبخانەکاندا بۆ ئەم جۆرەیە.

دەتوانرێ ئەم جۆرە پێڕستە بە چەند رێگایەك ئامادە بکرێ، وەکو:

١– دەکرێ چاپی کارتی پێویست بە ئامێری چاپی ئاسایی ئەنجام بدرێت.

٢– دەکرێ کارتی سەرەکیی لە چاپ بدرێ و پاشان بڕی پێویست لە کارتی تری لەسەر کۆپی بکرێت.

٣– دەتوانرێ کارت لەو دام و دەزگایانە بکڕدرێن کە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەم خزمەتگوزارییەدا دەکەن، وەك کتێبخانەکانی کۆنگرێس و بەریتانی.

٤– دەتوانرێ ئامێری کۆمپیوتەر بەکاربهێنرێ بۆ دروستکردن و چاپی زانیارییە بیبلیۆگرافیاییەکان و پاشانیش راکێشانی لە شێوەی کارتدا.

**٣-پێڕستی پەڕە پەڕە** Sheaf Catalog:

شێوەیەکی نوێ و داهێنانێکی ئیتالییە، بەڵام ئەم جۆرە پێڕستە بڵاونەبووەتەوە، تەنیا لە چارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدەیەمدا نەبێت، شێوەشی لە پێڕستی کتێب و پێڕستی کارت دەچێت و لە نێوانیاندایە، هەرچەندە قەوارەی بچووکە و جێگە کەم دەگرێ و تێچوویشی هەر کەمە لە چاو پێڕستی چاپکراودا، بەڵام کەموکورتیی زۆرە، لەوانە: زوو دەدڕێ و دەشێوێ، بەشەکانی زۆرن بۆ کتێبخانە گەورەکان، هیچ ئامرازێکی رێنمایی ناخرێتە نێویانەوە، هەر بۆیە بەکارهێنانی زۆری نەخایاندوە، تەنیا کتێبخانەی قاهیرە نەبێ کە تا ساڵی ١٩٧٤ بەکاری هێناوە، ئیتر ئەوانی تر گۆڕاون بە پێڕستی کارت.

**٤- پێڕستی بینراو** Visible Catalog:

لە تەنی کانزایی پێکهاتووە کە بە تەنیشت یەکەوە دادەنرێن بەشێوەی ئاسۆیی، لەسەر هەریەکەیان کارتی لاکێشەیی دادەنرێ کە زانیاریی بیبلیۆگرافی سەرچاوەکەی لەسەرە، ئەمانە لە چەکمەجەی تایبەتدا دادەنرێن و هەریەکەیان بەشی پەنجا کارت دەکەن. ئەمانە لە بەشی خولاوەکاندا بەکاردێن و قەوارەی هەرکارتەش (١٣×٢٠سم)ـەو جێگای تۆماری زانیاریی پێویستی لەسەر دەبێتەوە، بۆ هەر خولاوەیەك و بۆ ماوەیەکی زۆر.

**٥-پێڕستی ئەلکترۆنی**
:Automated Catalog

دوو جۆری سەرەکیی هەیە بۆ ئەم شێوە پێڕستانە:

*یەکەم:* تیایدا کارتەکان لەسەر بچووککراوە فیلمییەکان وێنەیان گیراوەتەوە، وەك مایکرۆفیلم یان مایکرۆفیش، ئەویش بریتییە لە وێنە گرتنەوەی بچووککراوەی زانیارییەکانی پێڕست کە دەبێ لە کاتی خوێندنەوەیاندا بە ئامێری تایبەت گەورە بکرێن.

*دووەم:* دەروازەکان لە کۆمپیوتەردا دەپارێزرێن.

سەرەتا بەکارهێنانی کارت زیاتر بوو لە کۆمپیوتەر بۆ تەماشای پێڕستەکان، بەڵام گەشەکردنی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی لە کتێبخانەدا، وایکرد ئەنجامی سەرسوڕهێن بێتە دی، وەك ئامادەکردنی مایکرۆفیلم و مایکرۆفیش بۆ پێڕستی ئەوتۆ کە ملیۆنێك دەروازە لە خۆ بگرێ لەماوەی سەعات و نیوێك بۆ هەشت سەعات، ئەمە وایکرد ململانێی توند لەگەڵ پێڕستی کارتدا بێتە ئاراو کتێبخانە بتوانێ هەر سێ مانگ جارێك پێڕستێکی نوێ دەربکات و لەسەری کۆپی بکرێتەوە.

لەگەڵ زۆربوونی کتێبخانەکاندا، بەکارهێنانی ئەم جۆرە پێڕستە زیادی کردووە، بە تایبەت کە تێچووی لەوانی تر کەمترە، لەگەڵ گەڕانەوەی جێگای بەکارهێنانی بۆ کتێبخانە.

پێڕستی کۆمپیوتەری، یان ئەلکترۆنی، لە دوای ئەنجامدانی کارەکانی پێڕستدا دەرکەوتووە و سەرچاوەی پێویست لە کتێبخانەیەك، یان کتێبخانەکاندا دەخاتە بەردەستی توێژەر.

نوێترین پێڕست (پێڕستی پەیوەندیی راستەوخۆ)یە بە سیستەم و تۆڕەکانی زانیارییەوە (Online cataloging) کە بە (پێڕستی پەیوەندیی راستەوخۆی خەڵکی) ناودەبرێ، تۆڕی Oclc ی ئەمریکی دیارترین تۆڕی زانیاریی ئەم بوارەیە، ئەویش ساڵی ١٩٦٧ لەلایەن کتێبخانەی –کۆنگرێس– ـەوە دەرکراوە.

لەم رێیەوە، زانیاریی پێویست لە کاتێکی کەم و بەشێوەیەکی تەواو بە چاپکراوەی دەگاتە دەست.

### جۆرەکانی پێڕست

١– پێڕستی بەش بەش:

أ– پێڕستی نووسەر (پێڕستی نووسەران و ناوەکان).

ب– پێڕستی ناونیشان.

ج– پێڕستی بابەت.

٢– پێڕستی فەرهەنگی:

سیستمی ئەمریکییە و تیایدا دەروازەی نووسەران و ناونیشان و بابەت رێکدەخرێت و بە شێوەی هیجائی ریزبەند دەکرێن و بە کەڵکی کتێبخانەی بچووك دێت.

٣–پێڕستی پۆلێنکراو:

کە بەپێی ژمارەکانی پۆلێن رێکدەخرێن.

### جۆرەکانی کارت

١– کارتی سەرەکیی: ئەو کارتەیە کە تیایدا دەروازەی سەرەکیی ناوی ( نووسەر یان ناونیشانە).

٢– کارتی زیادکراو: بۆ هەر دەروازەیەکی زیادەیە (ناونیشان، نووسەری بەشدار، وەرگێر، یان سەرەبابەت...) دەروازەی زیاد لەمەودا (دووری دووەم)دا تۆمار دەکرێ، گەر درێژ بوو، ئەوا لەسەر دوورایی سێیەم تەواو دەکرێت.

٣– کارتی گواستنەوە، رێگانیشاندان: بۆ گواستنەوەی سوودبەخش لە دەروازەیەکی بەکارنەهێنراوەوە بۆ یەکێکی تری بەکارهێنراو.

٤– کارتی گواستنەوە: بۆ گواستنەوەی سوودبەخش لە دەروازەیەکی بەکارهێنراوەوە بۆ یەکێکی تری بەکارهێنراو.

### بەشەکانی کارت

لە چوار بەشی سەرەکیی پێکدێت:

١– ژمارەی داواکردنی سەرچاوە.

٢– دەروازەی سەرەکیی.

٣– وەسفی بیبلیۆگرافی.

٤– بەدواداچوونەکان.

### وەسفی بیبلیۆگرافی

لەهەشت بەش پێکدێن بۆ تۆماری ئەمانە.

١– ناونیشان و خستنەڕووی بەرپرسیاریی.

٢– چاپ.

٣– خەسڵەتە دیاریکراوەکانی بابەتەکە.

٤– بڵاوکردنەوە، دابەشکردن و ...تاد.

٥– وەسفی مادیی.

٦– زنجیرە.

٧– سەرنج.

٨– ژمارەی نێودەوڵەتیی سەرچاوەکان.

### بنەماکانی پێڕست

١– بنەماکانی بانتزی: یەکەمین بنەمایە کە لەلایەن کەسێکی ئیتالییەوە بە ناوی (بانتزی)یەوە دانراوەو لە ١٩ بنەمادایەو ساڵی (١٨٤١) دانراوەو تا ساڵی ١٨٨٧ کاری پێکراوە.

٢– بنەماکانی جویت: ئەمریکییەو ساڵی ١٨٥٢ بنەماکانی پێڕستی داناوە.

٣– بنەماکانی کەتەر: یەکەمین بنەمای بۆ پێڕستی فەرهەنگی داناوە لە ١٨٧٦ دا تیایدا دەروازەی نووسەرو ناونیشان و بابەت گرتۆتەخۆ.

٤– بنەماکانی بروس: ساڵی ١٨٨٦ لەسەر دەستی کارمەندی کتێبخانە (کارل) دانراوە.

٥– بنەماکانی ڤاتیکان: ساڵی (١٩٣١) بڵاوبووەتەوە، بەمەبەستی یارمەتیدانی ئامادەکردنی پێڕستی فەرهەنگی نوێ، بۆ کتێبخانەی ڤاتیکان دانراوە.

٦– رێبەری پێڕستی پۆلێنکراو: لەئامادەکردنی زانای کتێبخانەکان و خەڵکی هندستان (رانگاناسان)ـە و یەکەمین چاپی لە ١٩٣٤دا، بڵاوبۆتەوە.

٧– رێبەری ئەنگلۆ ئەمریکی: ساڵی ١٨٨٣ کۆمەڵەی کتێبخانەکانی بەریتانیا بنەماکانی پێڕستیان دەرکردووە و هەمان ساڵ کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکا بە ناوی (بنەما پوختەکانی پێڕستی نووسەران و ناونیشان)، پێڕستیان دەرکردووە.

### سوودەکانی بەکارهێنانی پێڕستی ئەلکترۆنی

١– یاریدەی سوودمەندان بە دەرفەتی زۆرتر.

٢– بەرەو پێشەوەچوونی توانای پێڕستکار.

٣– نەمانی گرفتی تێچووی چاککردنەوەی پێڕستی کارتەکان.

٤– گێڕانەوەی جێگا.

٥– جێگابوونەوەی ژمارەی زۆر لە کارتەکان لەسەر سیدی کە چێوەکانیان لە ٣,٥٠ تا ٥,٢٥ ئینج تێناپەڕێ.

٦– خێرایی نوێکردنەوەی زانیارییەکان.

٧– پێڕستی بابەتەکە بۆ یەکجارو بەکارهێنانی لە کتێبخانە بەشدارەکانی سیستمی پێڕستی ئامێرسازیی (کۆمپیوتەری).

٨– دەرکردنی پێڕست لە شێوەی چاپکراودا بە ماوەیەکی کورت، واتە لە شێوەی (کتێبی چاپکراو، پێڕستی کارت، شێوەی بچووککراوە)دا.

پەراوێزەکان:

١– لسان العرب، ج٦،ص ١٦٧.

٢– قطر المحیط،ج٢،ص ١٦٣٢.

٣– محمد فتحی عبدالهادی، المدخل الی علم الفهرسة،ص٩.

٤– علی احمد همشهری، اساسیات علم المكتبات والتوثیق و المعلومات، ص ١٦١.

٥– محمود الشنیطی، قواعد الفهرسة الوصفیة، ص ٦٥–٧٤.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library    NO. 7 – 13/4/2010


# هەزاران کتێب بەسەر کتێبخانە گشتییەکاندا دابەشکراون

لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ژمارەیەکی زۆر لەکتێبو گۆڤاری نوێ بەسەر کتێبخانە گشتییەکانی کوردستاندا دابەشکراون، بەڕێز محەمەد عەبدولڕەحمان (بەرپرسی چالاکیو دابەشکردنی کتێب) لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێی ڕاگەیاندین:

دابەشکردنی کتێب بەسەر کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە مانگی (کانونی دووەم–شوبات–ئازار)، بەمشێوەیە بووە:

– دابەشکردنی (٢٤٢٨) دانە کتێبو (٦١٣) دانە گۆڤاری جۆراوجۆر بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی (هەولێر–سلێمانی–دهۆک–کۆیە–ڕانیە–گەرمیان–چەمچەماڵ–کەرکوک).

بەشێکی کتێبەکان لە بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر و سلێمانی پێمان گەیشتبوون و بەشێکی تریان لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان کڕدرابوون، هەندێکیشیان دیاری بوون بۆ کتێبخانە گشتییەکان.

– دابەشکردنی (٣٧٠٦) دانە کتێب و (١٢٠٠) دانە گۆڤاری جۆراوجۆر بە تایبەت بەسەر کتێبخانە تازەکانی:

(بیارە–پردێ–داقوق– هەریر– هیران–بالیسان–سکتان–مەخمور– قوشتەپە–خەبات–گۆپتەپە– سەرگەلۆ–بازیان–خدران).

## مام برایم:

# بۆ کتێب خواستن دەچووم بۆ کەرکوک

**ئا.لەکی زادە**

مام برایم، یەکێکە لەو خوێنەرانەی کە لەساڵەکانی(١٩٦٠)ەوە بەبەردوامی سەرقاڵی خوێندنەوەی بابەتی جۆراوجۆرە لەکتێبخانەکاندا، کەچووینە لای وتی:

–ناوم (ئیبراهیم ڕەحیم) ە، لەدایکبوی ١٩٥١ ی شاری چەمچەماڵم، ئەوسەردەمە لەچەمچەماڵ کتێبخانە نەبوو، بە پاس کەپێیاندەوت پاسی مەسڵەحە، هەفتەی سێ ڕۆژ دەچووم سەردانی کتێبخانەی گشتیی کەرکوکم دەکرد.

*ئامانجت لەخوێندنەوە چی بووە؟

–ئامانجم زیاتر شارەزابوون بوو لەبواری کارەکەی خۆمدا کە بواری زانستی بوو لەبەشی کارەبا، چونکە خۆم کارمەندی کارەبام، لەگەڵ زیادکردنی زانیاریم دەربارەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، واتە زیاتر بابەتی کۆمەڵناسیم دەخوێندەوە.



*ئامانج محەمەد، بەرپرسی بەشی کتێبەکانی کتێبخانەی گشتیی چەمچەماڵ وتی: دەتوانم بڵێم مام برایم یەکێکە لەو خوێنەرانەی کە بەبەردەوامی پێی لەکتێبخانەکەمان نەبڕیوەو بەزۆریش کتێبە عەرەبییەکان دەخوازێت، هەموو کات لەکاتی خۆیدا گەڕاندویەتیەوە، بەوپەڕی پارێزگارکردن لێیانەوە.

*مام برایم باسی لەوەشکرد ئێواران سەیری تەلەفزیۆن ناکات، بەڵکو تا درەنگانێکی شەو هەر سەرقاڵی کتێب خوێندنەوە دەبێت، ئەو وتی: گەیشتومەتە ئەو بڕوایەی کە تەنها هاوەڵێك زیانی بۆت نەبێتو ڕاستگۆبێ لەگەڵتا، لەدونیای ئەمڕۆماندا تەنها کتێبە، چونکە ئاسودەیی دەروون بەخوێندنەوەی کتێبەوەیە.




# ڕۆمانێکی دان براون
# ژمارەی پێوانەیی فرۆشتن دەشکێنێ

**شبكة النبأ المعلوماتية**

تازەترین ڕۆمان کەلەفرۆشتندا ژمارەی پێوانەیی شکاندبێ، بریتییە لە ڕۆمانی (سیمبولی ون)ی ڕۆماننووس (دان براون)ی نووسەری ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (کۆدی دافنشی).

بەپێی ڕاگەیاندنی دەزگای (کناوبف دابڵدای) خوێنەران لەئەمریکاو کەنەداو بەریتانیا، زیاد لەیەك ملێون دانەیان لەو ڕۆمانە کڕیوە.

بەپێی ڕاگەیاندنی (ڕۆیتەرز) ئەم ڕۆمانە نوێیە فرۆختی مێژوویی بەدەستهێناوە لە فرۆشتندا، لەیەکەمین ڕۆژی بڵاوکردنەویەوەو بەوەش ژمارەی پێوانەیی بەدەستهێناوە.

# هابرماس، ئەرشیفەکەی دەبەخشێتە زانکۆی گۆتە

سەرۆکی زانکۆی گۆتە لەشاری فرانکفۆرت (فیرنەرمولەر ئیسترل) ڕایگەیاندوە کە (یۆرگن هابرماس)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی بەناوبانگ لەنامەیەکیدا مەرامی خۆی ئاشکرا کردووە، بەوەی بەنیازە ئەرشیفە تایبەتەکەی پێشکەش بەزانکۆکە بکات.

ئەرشیفی هابرماس بریتییە کە ٥٠ ڕەشنووسو دەستنووسی کتێبەکانی لەگەڵ ئەو نامانەی کە لەگەڵ ژمارەیەك لە زانایاندا ئاڵوگۆڕی کردوە.

شایانی باسە، هابرماس یەکێکە



لەسەر ئامادانی گوتاری سیاسی ڕەخنەییو تاساڵی ١٩٩٤ لەزانکۆی گۆتە ئەو تێزە وەك وانەیەك گوتراوەتەوە.

www.dw-wordd.de

# دروستکردنی قوتابخانەیەك لە کاغەزی ڕۆژنامە

**ئا: خوناو محەمەد**

لە ناوچەی (بینجتونج)ی گوندنشینی لە باشووری وڵاتی تایواندا (جون لاموری) بە ڕەگەز کەنەدی و خێزانە تایوانییەکەی بەناوی (شیلی وو) کە چالاکوانانی پاراستنی ژینگەن، قوتابخانەیەکی بچووکیان لەسەر ڕووبەری ٧٥ مەتر چوارگۆشە بەزیاتر لە هەزار کیلۆگرام لە کاغەزی ڕۆژنامە دروستکرد، لە کۆکردنەوەی ئەم بڕە کاغەزەشدا ژمارەیەك قوتابی بەشدارییان کردووە و ئەمەش لە بەرامبەر پێدانی خەڵات و نمرە لە بابەتی چالاکی قوتابخانەدا، دروستکردنی قوتابخانەکەش ماوەی ساڵێکی خایاندووە.

(لاموری) دەڵێت: دوای ئەوەی چەند هاوڕێیەکی ئەم بیرۆکەیان پێداوە، ئەو هەستاوە بە دروستکردنی ئامێرێکی تێکەڵکردن و بەکارهێنانی بەشی دواوەی لۆرییەك و ئامێرێکی تیژی بڕین، بەمشێوەیە کاغەزی ڕۆژنامەکانی کردۆتە ناو ئامێرەکە و تێکەڵی کردووە لەگەڵ هەندێك ئاو و چیمەنتۆدا، بەمەش جۆرە کاغەزێکی چیمەنتۆیی لێ پێکهاتووە کە بۆتە ماددەیەکی سەرەکی بۆ دروستکردنی دیوارەکانی قوتابخانەکە و بەرینی دیوارەکەش تەنها شەش ئینجە، هەروەها دیوارەکانی بە چینێکی ماددەی سلیکۆن ڕووپۆش کردووە بۆ پاراستنی لە کاریگەریی باران.







سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی
ڕاوێژکاران: ئاری بابان – شێرزاد سەعید
ستافی کارا: ساکار عەلی عەبدوڵڵا – بوار نوردین – تابان حەسەن
نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد
تایپو هەڵەبڕی: بەیان عەلی – بەهرە عیزەدین
کارگێڕی: ئاشتی دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی
ت: ٣١٢٢٧١٦
Email: asoyktebkhana@yahoo.com